بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
ژمارە ( 9 ) 1/8/2017 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# چەپ و ئازادیخوازانی کۆمەڵگە، پێویستە ببنە پارێزەی دەنگی هاولاتیان لە ریفراندۆمدا!

## وتەی ژمارە

ئەوە ڕۆشنە کە لەساڵی٢٠٠٣ وە ستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵکی کوردستان کۆتایی هاتووە، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی ستەمی نەتەوایەتیدا کێشەی کورد بە کۆتا نەگەیشت… کێشەی کورد بەوێنەی منداڵدانی ستەمی میللی لە کوردستانی عێراقدا، وەڵامێکی شیاوی وەرنەگرتەوە… نە دەسەڵاتێکی مۆدێرن لەبەغدا هاتە سەرکار و نە جیایی بەکردەوەی کوردستان، رەسمیەتی نێودەوڵەتی پێدرا. لەجێگای ئەوانە فیدرالیزمی قەومی، کە خۆی ژینگەی سروشتی بەرامبەرکێ و قوڵبونەوەی ململانێی قەومییە، بووە مایەی ململانێیەکی نەبراوەی نیوان هەرێم و بەغدا… لەسەر چەندین دۆسیەو کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵواسراو. ئەو ململانێیەی نیوان هەولێر و بەغدا، پەیوەندی نیوان هەریم و بەغداو سازانیان لەسەر بنەمای فیدرالی، تەنها لەسەر کاغەز مایەوەو لە دنیای واقعیدا، پەیوەندی دەسەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئیران و تورکیا نزیکتر بوو تا لەگەڵ بەغدا، و پەیوەندی بەغداش بە ئاخوندەکانی ئێرانەوە زۆر زیاتر بوو لەگەڵ دەسەڵاتی برا بەشی ناسیونالیزمی کورد.

تا ئەو جێگایەش بە کوردستان دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، زۆر لە پێشترو لە ساڵی ١٩٩١وە، بوونە میراتگیری دەسەڵاتی بەعس، بە کوردی. ستەم و زوڵمی قەومی گۆرا، بە زوڵم و ستەمی هەزارسەرەی دەسەڵاتی کوردی، لەدژی خەڵکی هەژارو نەداری و ستەم دیدەی چەندین دەهەی دەسەڵاتی رەشی بەعس. لە کوردستان خەڵک کیشەی کوردبوونی نەما، لە خوێندن و نووسین و پەروەردەوە بۆ پۆشینی جل و بەرگ و لە میدیاو راگەیاندن و تا پیادەکردنی بۆنەو ریَ ورەسمی کۆمەڵایەتی و تا دەگات بە دام دەزگای ئیداری و بەڕیوەبەری… هەموویان بوونە کوردی و کەس لەسەر کورد بوونی هەرەشەی لەسەر نەما. خەلکی کرێکارو نەداری کوردستان، لەساڵی ١٩٩١ وە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەرەو روون و لەساڵی ٢٠٠٣ وە، هەڕەشەی دەسەڵاتی بەعس بە یەکجاری کۆتایی هاتوە.

لە ئیستادا، باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، بۆ رزگاربوون نییە لە ستەمی نەتەوایەتی، بۆ سەربەخۆیی وئابوری و دەست راگەیشتن بە بازاری ناوخۆییش نییە… هەم ستەمی نەتەوایەتی نەماوە، هەم ئابوری و داهاتی کوردستان لەدەست بۆرژوای دەرەکیدا نییە و هەموو سامان و داهاتی کوردستان لەژیر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددایە. کەواتە پرسیار ئەوەیە ریفراندۆم بۆ چییە؟ هۆکار چییە لە ئیستادا ئەو پرسە هێنراوەتە مەیدان؟ پارتی بۆ دەستپێشخەری لەو دۆسیەیەدا کرد و ئامانجی چییە؟ رۆڵی خەڵکی کوردستان چی دەبێت؟

لەچەند وتاری تردا ئاماژەم پێداوە، کۆتاییهاتنی شەری داعش، هاتنەوە ئارای کیشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، نارەزایەتی قوڵی جەماوەری لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بنبەستی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بەگشتی، دارمانی پەیوەندی نیوان حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، جڵەوکردنی نارەزایەتی جەماوەری… تاد، هۆکار گەلێکن کە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان دەخاتە بەردەم بژاردەی تر. ریفراندۆم ئەو دۆسیەو بژاردەیە کە دەتوانێت هەموو ئەو کیشەو دۆسیانەی تر بخەوێنێت و لەریزبەندیدا، پلەی خوارتریان پێ ببەخشێت. بەهێزی بژاردەی ریفراندۆم لەوەدایە کەلەروانگەی خەڵکی کوردستانەوە وابەستەو پەیوەندیدارە بە سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆوە، کە ویست و خواستێکی بەرینی کۆمەڵایەتییە. بۆرژوازی کوردیش کە پارتی لە ئیستادا هێزی بریادەرو باڵادەستی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردە، کەڵک لەو دۆسیەیە وەردەگرێت و بەدوای چەندین ئامانجی دیاریکراویشەوەیە لەو ریگایەدا. پاشەکشەکردن بە بەغدا و خستنی بۆ ناو حاڵەتی پاشەکشیَ وە، خۆ بەخاوەن زانینی ویستی خەڵک و نیشاندانی ئەوەی ئەو هێزی بڕیادەرە. یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد و کۆکردنەوەی هیزەکانی لە ژێر ناوی پرسی نیشتیمانیدا. پاشەکشەکردن بە نارەزایەتی جەماوەری. ئامادەکاری بۆ ئابدیت کردنەوەی خۆی. زۆرکردنی کورسیەکانی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا. بەهیزکردنی زۆتری جی پێی خۆی لە ناوچەکە. بەدەستەوەگرتنی سوکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ دەورەیەکی تر… هەموو ئەوانە و زۆر مەسەلەی تریش پارتی بەدواوەیەتی. دیارە ئەوە راستیەکی ئاشکرایە، هەر هێزو حزبێک کە دەبێتە هەڵگری بژاردەو دۆسیەیەکی گرنگ و چارەنووساز و گشتی هاوکات لەگەڵیدا بەدوای تەماحە ئاشکراو نهینیەکانی خۆشیەوە دەبێت، بیگومان پارتی بەنەخشەوە تەماحەکانی لەگەڵ پرسی ریفراندۆمدا تیکەڵاو دەکات. هەروەها پرسی ریفراندۆم ئامرازو میکانیزمە، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. ئەو میکانیزم و ئامرازە، دەشیَ راست یان چەپ… یان ناوەندێکی نێودەوڵەتی یان تەنانەت ئیلیتیک بەدەستیەوە بگرێت. جیاوازیەکەی تەنها ئەوە دەبێت، کە ئەگەر چەپ و ئەو میکانیزمە بەدەستەوە بگرێت، پرۆسیسی ئەنجامدانەکەی ڕۆشنتر و بەشداری خەڵک تیایدا ساناتر و دۆخی ئازادی بۆ ئەو حزب و لایەنەسیاسیانە ئاوەڵاتر دەبێت، تا هەڵسورانی خۆیان و ئەجندای خۆیان و نەخشەو بەرنامەو دروشمی خۆیان، بە ئازادانە بەیان بکەن و بەگشتی کەشێک دەبێت، کە بەڕیوەچوونی ریفراندۆمەکە ئارام و ئازاد و بەشداری و نەخشی خەڵک و ئەحزاب فەراهەم دەبێت… بەڵام کاتێک ئەمە چەپ یان لایەنی تر نەیکرد، نابێتە مایەی ئەوەی کە ریفراندۆم رەتبکرێتەوە بەو بیانوەی کە لایەنێکی سیاسی راست لە پشتیەتی. لە گشتییەتی خۆیدا ریفراندۆم ریفراندۆمە، چەپ بیکات یان راست بیکات، راپرسیەکە بۆ وەڵامدانەوەی بە پرسیاری پرسێکی گرنگ و چارەنووساز. "بەڵێ" یان "نەخێر"… دیارە ئەوەش ئاشکرایە ئەو لایەنەی ئەو ریفراندۆمە یان ئەو میکانیزمە سەرپەرشتی دەکات و بەدەستیەوە دەگرێت، باڵانسی هێز بە قازانجی خۆیدا، پەلکیش دەکات و هەوڵیش دەدات ئەسپی خۆی بۆ ئەو ئامانجە تاو بدات کە خۆی هەیەتی.

بۆ لاپەرە ٢

## ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان پێکهات!

**بانگەوازێک لەهەڵسوراوانی ئەو ناوەندەوە لە لاپەرە 5 دا… بخوێننەوە**

## سامانی باوکی هەژاران!! کە بە سەدان ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت… بۆ کوڕەکەی گوازرایەوە

بەپێی بەڵگەنامەیەکی یاسایی سەروەت و سامانەکەی نەوشیروان مسەفای کۆچکردووی رێکخەری حزبی گۆران، باوکی هەژاران!! کە چەند پشکێکی چەند کۆمپانیایەکە، دەگوازرێتەوە بۆ کورەکەی چیا نەوشیروان. ئەو پشکانە کە مەزەندە دەکرێت زیاتر لەسەد ملیۆن دۆلار بن. شایانی باسە نەوشیروان مستەفا، لە لایەن میدیای گۆران و میدیای سێبەرەوە هەوڵدەدرێت نازناوی باوکی هەژاران و کەسایەتیەکی دژی بنەماڵەیی پێ ببەخشرێت. بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە سامانەکەی زیاتر لە داهاتی دەیان هەزاران خێزانی هەژارە. وە وەکو لە بەڵگەنامەکەشدا هاتووە، ئەو سامانە دەگوازرێتەوە بۆ کورەکەی. دیارە ئەوە جگە لەو سامانەی لەسەر کۆمپانیای وشە تۆمارکراوە وەکو گردی زەرگەتە، کە دەیان دۆنم زەوییە لە موڵکی گشتی، کە ئەویش مەزەندە دەکرێت، لە چەند ملیۆن دۆلارێک زیاتر بێت.

دەقی بەڵگەنامەکە **لە لاپەڕە ٢ بخوێنەوە…**





## یادێک لە هاوڕییانی کۆمۆنیست نەزیز عومەر" ئارام" و ئەرسەلان مەولود " ئاراس" دا… لاپەرە ١٠

## کرێکارانی شەکری حەوت تەپە جەسورانە هاتونەتە مەیدان لە پێناو کرێی دواکەوتوویان و مافی خانەنشینیان… لاپەرە ٢



**گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال رێکخەری ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، سەبارەت بە ریفراندۆم لە کوردستان… لە لاپەرە ٩ بخوێننەوە**

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە دەخوێننەوە…

*کەلتوری ڕۆژئاوا" کەلتوری ئەوروپی"و ……………ل٣
*دەنگێک لەمۆڵ" داون تاون"ی شاری……………… …ل٣
*ڕیفراندۆم پێشنیاری ئێمە بوو نەک………………ل٤
*پەروەردەی سلێمانی دەستپێشخەری بۆ……………ل٥
* گۆشەی ژن، سەبارەت بە توندتیژی دژی ژنان……..ل٦
*هەڵوێستی ئەنتی پارتیانە، هەمان هەڵوێستی…….ل٧
*ئەمە وەڵامی پرسیارەکە نەبوو.. وەڵام بە مەریوان….ل٨

# بەڵگەنامەی سامانی باوکی هەژاران، کە بۆ کوڕەکەی گوازرایەوە



بڕیاری فرۆشتنی پشکی کۆمپانیا

لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا[هاوڕێ دارۆ نوری [لە کۆمپانیای[گاسن بۆ بەرهەم هێنان و بازرگانی پیمەنتۆ/ سنووردار ] وە ئاماژە بە کۆنوسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا و ئەنجومەنی کڕین و فرۆشتن لە ( ٢٠١٦/٦/٢٢
کە تیایدا بڕیار دراوە بـــــە :-
- فرۆشتنی سەرجەم پشکەکانی هاوپشکی کۆمپانیا [نەوشیروان مصطفی امین ] بە بڕی(١٥٠.٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار پشک بە هاوپشکی نوێ ( چیا نەوشیروان مصطفی ) .
بەم پێیەش بڕگەی ( شەشەم ) لە گرێبەستی هەموارکراوی کۆمپانیا بەم شێوەیەی لی دێت :
- بڕگەی شەشەم // هاویشکەکان //
- [ چیا نەوشیروان مصطفی ] (١٥٠.٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار پشک .
- [ کۆمپانیای ( KURD CEM ) ] (٨٥٠.٠٠٠) هەشت سەدو پەنجا هەزار پشک .
بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە پاڵپشت بە مـــادەی ( ٦٥. ٦٦. ٢٠٣ ) لەیاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان . بڕیاری ڕەزامەندیماندا بە هەمواو کردنی گرێبەستی کۆمپانیای ناوبراو
ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری / ٢٠١٦/٦ بەرامبەر / ٢٧١٦/ کوردی .
تا بە پێ ی ماددەی ( ٢٠٦ ) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە بلاوبکرێتەوە .

سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلیمانی
٢٠١٦/ ٦ /

**کرێکارانی شەکری حەوت تەبە لە ئێران هاوکاری ئێمەیان دەوێ**

**کرێکارانی شەکری حەوت تەبە لەئێران خەبات دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی کرێ و موچەی خانەنشینی و مافەکانیان.**

کرێکارانی کێڵگەی گەورەی قامیشی شەکری حەوت تەبە و کۆمەڵگەی ئاشەکان لەبەشی خواروی شاری شوش لە ئێران هاتونەتەوە مەیدان لەپێناوی کرێی کارو مافەکانیاندا.

ساڵی ٢٠٠٨ ئەو کرێکارانە دوای ٤٢ ڕۆژ لە مانگرتن و داواکاری بۆ پێدانی کرێکانیان کە ماوەیەکی زۆر بوو دواکەوتبوو، سەندیکایەکی سەربەخۆیان پێکهیناو بوونە بەشێک لە ئێتیحادیەی جیهانی خۆراک. ڕابەرانی ئەو ئەو سەندیکایە بەرگەی گرتن وسجن و خرانە لیستی ڕەشیانەوە گرت. ئەو کرێکارانەو سەندیکاکەیان جارێکی تر ڕووبەڕووی سەرکوت بونەتەوە بەو هۆیەوە کە داوای مافەکانیان و لەوانەش کرێکانیان دەکەن کە ماوەیەکە زۆرە پێیان نەدراوە.

لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا، لە ساڵی ٢٠١٥ ئەو کۆمپانیایە بە ئەهلی کراو، لەو کاتەوە بارودۆخی کرێکارانیش زیاتر ڕووی لەخراپی کردووە. لە ئۆکتۆبەری پارەوە کرێکاران ناچاربوون مانگرتن لەدوای مانگرتن ڕابگەیێنن بە مەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە کرێ و مافەکانیان. هەر لەو ماوەیەدا و لە مانگی حوزەیراندا مانگرتنیان ڕاگەیاند. بەهەزاران لە کرێکار مووچەکانیان بۆ دوو مانگ وە هەندێک جار بۆ چوار مانگیش دوادەکەوێت. لەو چەند مانگەشدا نەفەقاتی خانەنشینی وەستاوە، بە بیانوی ئەوەی کۆمپانیاکە نەیتوانیوە بەشی بیمەی کۆمەڵایەتی بداتە دەوڵەت. نزیکەی نیوەی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایەو مەجمەعی ئاشەکان هیچ گرێبەستێکی دائیمی کاریان نیەو بۆیەش لە حاڵەتی دائیمی بێکاریدا دەژین. ڕۆژانە ئەو کۆمپانیایە هەڕەشەی داخستنی کۆمپانیاکە لە کرێکارەکان و خانەنشین و ئەندامانی خێزانەکانیان دەکات تا بەردەوام نەبن لە مانگرتن و هیچیتر داوای مافەکانیان نەکەن.

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموس پەرستی...




*٢٤ ئەم مانگە تەرمی ژنێکی تەمەن نزیک بیست ساڵە لەنێوان گوندی گرتک- جەلی لەسنوری قەزای کۆیە بەکوژراوی دۆزرایەوە... ئەو ژنە چەند فیشەلیک بە جەستەیەوە بوو. تا ئێستا ناسنامەی ئەو ژنە دیار نییەو هیچ زانیاریەکی باوەڕپێکراو دەست نەکەوتووە... دەڵین لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بەردەوامە...

*٢٧ ئەم مانگە تەرمی کچییکی تازە لاوی تەمەن پانزە ساڵ بەناوی " ش، ن، ع" ساڵ لە نزیک قوتابخانەی بڵندی گەرەکی ئاشتی دۆزرایەوە... بەپێی هەواڵە سەرەتاییەکان دەوترێت ئەو کچە خنکێنراوە یان جەڵدە!! لێیداوە... دەڵێن!! لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بەردەوامە!!

*ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ٢٧ ئەم مانگە، ژنێک کە خاوەنی منداڵێکە... خۆی و منداڵەکەی دەرفێنن بۆ ناوچەیەک لە نێوان کۆیەو شاری ڕانیە... دوای ئەوە ژنەکە دەکوژن و تەرمەکەی جێدەهێڵن منداڵەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن، منداڵەکە تەمەنی ساڵ و نیوێکە... ئەو ژنە کە تەمەنی ١٧ ساڵان بووە چەند فیشەکێکی دەمانچە بە جەستەیەوە بووە... کەس و کاری ژنەکە سکاڵایان تۆمار کردووەو وەکو دەوترێت لێکۆڵینەوە لەم تاوانەش بەردەوامە!!

**بۆپێشەوە**
**بخوێننەوەو بەدەستی دۆستان و ئاشنایانتانی بگەیەنن**

## درێژەی وتەی ژمارە...

پارتی ئێستا هەم ریفراندۆمی بەدەستەوە گرتوەو هەم هەولیش دەدات هەموو یان زوربەی هێزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، رابکێشێت بۆ بەشداریکردن لەم ریفراندۆمەدا... هاوکات ئامانجی دوای ریفراندۆمی خستۆتە روو، کە مەرج نییە یەکسەر سەربەخۆیی بەدوادا بێت و نایشارنەوە کە ئەم هەنگاوەیان کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر پابەندنەبوونی بەغدا بەرامبەر بە خواستەکانی ناسیونالیزمی کورد. ئەنجامدانی ریفراندۆمیش ریگەی گەڕانەوەی و پاشگەزبوونەوە لێی یان نییە یان زۆر لاوازە. ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت و بەهەموو پێودانگێکیش دەنگی بەڵی سەردەکەوێت، چونکە خەڵکی کوردستان، بە ئەنگیزەی سەربەخۆیی و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بەشداری لە ریفراندۆمدا دەکەن.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئایا خەڵکی کوردستان دەچنەوە ماڵەوە یان لە پرۆسەکەدا دەمێننەوە؟ حزب و لایەنە سیاسیەکانی تر چ نەخشێک دەگرنە بەر؟ چەپ و بەرەی پێشکەوتنخوازی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆم دەکەن؟ وەڵامی بەکردەوەی ئەو پرسیارانە دەتوانێ پرۆسیسەکەو ئایندەی ئەو ریفراندۆمە، ئاراستە بکات.

بێگومان ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی مەسەلەیەکەو بەدەستەوە گرتنیشی بۆ گوشارهێنان بۆ بەغداو بەدەستەوە گرتنی بۆ سات و سەوداو بۆ چاکسازی فیدرالیزمی قەومی لە عێراقدا، مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستیە ناگۆرێت کە خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و کۆتاییهینان بەدرۆی فیدرالیزم و جیابوونەوە لە عێراق و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بەشداری ریفراندۆم دەکەن. ئەمەش مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە. وەستانەوە بەرووی ئەو ئیرادەیەدا، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. نە بیانوی ئەنتی پارتی بوون و نە پاساوی ئامادەنەبوونی ژینگەو هەلومەرجەکەو نە درزی ناوماڵی کورد!!" ناکۆکی نێوان حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد" نە رێگری وڵاتانی ناوچەکە، نە پاساوی گرانی و برسێتی و... نە نەبوونی زەمینەسازی پێویست و ...تاد، ناتوانن ببنە هۆکار یان پشتیوانیەک بۆ نا وتن بە ریفراندۆم و رەتکردنەوەی. هەموو ئەو لایەن و هێزانە، بەتایبەتیش بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگە، دەبێ بەشێکی کاریگەر بن، لەناو گشت ئەو پرۆسیەیەدا، پێویستە بە نەخشەوە بێنە ناو ئەو ململانێیەوە. لە نیوان ویستی بۆرژوازی کورد و ویستی جەماوەری کوردستاندا، خواستی خەڵکی کوردستان و بژاردەی ئاکامی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەنە هیزێکی گەورەی لەشکان نەهاتوو. بکەنە ویستێک کە هەموو دنیای ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان ناچار بن پشتیوانی لە پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بکەن. بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی، نە ئابوری بەهێز و سەربەخۆ و نەسوپای نیزامی، پیش مەج نین. پێچەوانەکەی راستە، لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا دروستکردنی هیزی نیزامی و دەوڵەتی وەهمە. لە ژێر چەتری دەسەڵاتی ئەحزبدا، یاسا درۆیەکی پوچە.

هیچ لەوە رۆشنتر نییە، جیابوونەوەی کوردستان و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، دەتوانێ بۆ هەتاهەتایە درۆی فیدرالیزمی قەومی تورٍ بدات. کیشەی کورد و دوبارە سەرهەڵدانەوەی ستەمی نەتەوایەتی لەبەین ببات. کۆتایی بە سیناریۆی درۆزنانەی حکومەت و پەرلەمانی میلیشیایی بهێنێت. حکومەت و پەرلەمان بێ مافی فەرمی حکومەتداری و چوارچیوەو قەوارەی دەوڵەتی درۆیەکە پێویستی بە باس نییە و خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ وە، شاهیدی زیندون. ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بیت یاسا" هەر یاسایەک" میلیشیا بەرگری لێبکات و پێی پابەند بێت. بۆیە بەسادەیی، دەوڵەت بەلاوازیش و لە دەسەڵاتی میلیشیایی باشترە. یاسا بە هەر ناوەرۆکێکەوە لە بێ یاسایی و چەتەگەری و ببڕەو ببڕێ میلیشیایی ئەحزب، لە پێشترە. وە وەڵامدانەوە بە بۆشایی دەوڵەت و قەوارەیەکی دەوڵەتی، دەتوانێ ئەو چەکە لەدەستی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی دەربهێنێت کە مێژوویەکی دورودرێژە بەدەستیانەوە گرتووە... لەوانەش بوونی ستەمی نەتەوایەتی، جێبەجێ نەبوونی فیدرالیزمی قەومی، هەڕەشەی دەرەکی، تێنەپەرین لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانی!!...

بەهەندگرتنی ئەو راستیانە ئەرکی چارەنووساز دەخاتە سەر بەرەی ئازادیخوازو چەپی کۆمەڵگە... چەپ و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە بە ئیدانەکردن و مەحکوم کردن، هیچ جوڵەیەک و کردەیەکی نەکردووە، بەشداریەکی نیشان نەداوە. پێویستە لەچاوی کۆمەڵگەی کوردستان و ویستی دانیشتوانەکەیەوە بڕوانێتە ریفراندۆم و سەربەخۆیی. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە رێنوینی و سازدان و رێکخستنی جەماوەری هەیە، پێویستی بەدەستپێشکەری رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، پێویستی بە نەخشەو پلاتفۆرمی رۆشن و کردەنی هەیە، پێویستی بە ئامادەیەکی مەیدانی رۆژانە هەیە. پێویستی بە پێکهێنانی ناوەند و دەستە و ئەنجومەن و لیژنەی کارا هەیە لەهەموو شارۆ شارۆچکەو ناحیەو دێهاتیکدا هەیە... کە ببنە پارێزەری دەنگی هاوڵاتیان لەم ریفراندۆمەدا. ببنە زەمانی بەدەستەوەگرتنی دەنگی هاوڵاتیان بۆ سەربەخۆیی و پیکهێنانی دەوڵەت لەکوردستاندا. وە ببنە هیزیکی گەورە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر هەوڵێک کە بیەوێت دەنگی هاوڵاتیان و ئاکامی ریفراندۆم بۆ مەبەستی تر بەدەستەوە بگرێت. ئەم حزورە دەتوانێت رۆڵی هەبێت لەسەر چۆنیەتی بنیاتنانی دەوڵەتی داهاتوو و ناوەرۆکەکەی. ئەم لە مەیدان دابوونە دەتوانێ زەمانی شیوەی حکومرانی داهاتووش بکات و مۆری خۆی بدات لە ئایندەی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ ئەمە نەبەردە هەمە لایەنەو بەرپرسیارێتیە گەورەیە پێویستە ئامادەبین.

**سەرەتای ئابی ٢٠١٧**

# کوڵتووری ڕۆژئاوا (کوڵتوری ئەروپی) وکاریگەریەکانی !

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا



کولتوور وەک هەر دیاردەیەکی تر وەک زانست وتەکنۆلۆجیاو وفەلسەفە..هتد لە گۆڕانکاریدایە. کوڵتور ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیەیە کە تاکی کۆمەڵ ڕۆژانە بەکاری دێنێ لە ژیانیدا وەک پێداویستیەکی سەرەکیە بۆی. کولتوری ئەوروپایی بە کۆمەڵێک شۆڕش و ڕێنسانس توانیویەتی خۆی داتەکێنێ لە بیرو زیهنی خورافی ودینی وعەشیرەتی وناسیونالیستی. کۆڵتوری باو لە ئەوروپادا جیایە لە هەموو دین ونەتەوەکان. کۆڵتوری باو لە سوید هەمان کولتوری باوە لە ئەڵمانیاو فەرەنسا وبەریتانیاو ئەمەریکا وکەنەدا وئوستراڵیا ونیوزلاندا کۆریا ویابان و چین. لەم کولتورەدا تاکی کۆمەڵگا ئازادە تا ئەو ڕادەیەی کاریگەری نەبێ لەسەر ژیانی کەسانی تر. تاک ئازادە لە پۆشینی جلوبەرگ، ئازادە لەهەڵبژاردنی ژیانی پێکەوە بوون بە شێوەی هاوسەرگیری وهاوژینی وهاوڕەگەزی ویا بەشێوەی تر. خۆشەویستی ئازادە لە نێوان کوڕو کچ یا ژن وپیاو یا لە نێوان هاورەگەزەکاندا هیچ کەس وەک دایک وباوک وبراومام و ئامۆزا بۆی نییە ڕێگە بگرێ لە خۆشەویستی کوڕەکەیان یا کچەکە یان خۆشکەکەیان ئەگەر لە ١٨ ساڵ بەرەو سەرەوە بێت ئەو ئازادە چۆن ژیانی خۆی دیاری بکات دەیەوێ هاوسەرگیری بکات یا خۆشەویستی هەبێ، هیچ مەرجێکیش وەک پارەو ئاڵتون و سامان و دین ومەزهەب ونەتەوە وعەشیرەت نەخشی نییە بۆ دروستکردنی ژیانی هاوبەش تەنها خۆشەویستی نەبێ. هیچ ژنێک لەسەر ناموس ناکوژرێ هەموو توندوتیژیەک دژی ژن یا مناڵ یا پیاو سزای خۆی هەیە. لەم کوڵتورەدا مافی ئینسان و ڕێزی ئینسان بە تایبەتی ڕێزی مناڵ ئەنجا ژن زۆر لەپێشە. مافی ئینسان بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمانی یا نەتەوەی یا دینەکەی یا بێ دینیەکەی وەک یەکە. دین ونەتەوەپەرستی وەک مافی تاکە وهیچ کەس ئیجبار ناکرێ دین پەرست یا نەتەوە پەرست بێت. موزیک وئاهەنگ وسەما ئازادە، خەڵک ئازادە سەردانی باڕو و کلاب بکەن یا سەردانی مزگەوت وکەنیسەو پەرستگاکانی تر بکەن، بێ حورمەتیکردن بەو کەسانە ناکرێ. ژن وپیاو یا کچ وکوڕ لە زانستگاو کۆلێج وقوتابخانە پێکەوەن پێکەوەش دەچن بۆ مەلەوانگە وهۆڵی وەرزشی وگەشتی شاخ ودەریا. ژینگە پاراستن بووەتە کوڵتوری باو. چاندنی دار درەخت وگوڵ و سەوزی لە ماڵەکانداو لە شوێنە گشتیەکاندا وەک ئەرکێکی پێویستە و پاکوخاوێنی سەرجادە وشوێنە گشتیەکانیش ئەرکێکی پێویستە، لەم کولتورەدا نەک ئینسان بەڵکو ئاژەڵێش ڕێزێکی گەورەی لێدەگیرێ. ئەم کولتورە باوە وای کردووە کە ئینسان بیرلە داهێنان بکاتەوە هەر ڕۆژەی داهێنانێکی زانستی لە ناوئەم کۆمەڵگەیانەوە سەر دەردەکات، تەکنولۆجیاش بەرەوپێشەوە دەڕوات. ئەم کولتورە مرۆڤ دۆستانەیە هەر بۆیە وەک ڕووبارێک وایە کە ئاوەکەی دەگاتە هەموو ووڵاتێکی تری ئەم جیهانە وەک دەسکەوتێکی کۆمەڵگەی مەدەنی وشارستانی هەر ڕۆژە ڕەگی خۆی زیاتر دائەکوتێ لەناو کومەڵگە دواکەوتوەکانیشدا، هەرچەندە کۆنەپەرستان بە هەموو جۆرەکانیەوە بە بیانووی جۆراوجۆر دەیانەوی پێشی پێبگرن و نەهێڵن بێت بەڵام ناتوانن و پاشەکشەیان پێ دەکرێ. ناتوانن بە بیانووی ئەوەی ئەوەی واقعیەتی کۆمەڵگە جیاوازە بەر بەهاتنی ئەم کوڵتورە بگرن هەروەک نەیانتوانی بەر بەهاتنی کارەبا بگرن لەبەر ئەوەی لەوێ چرا باوی بووە هەروەک ناتوانن بەر لە تەلەفۆن وئایفۆن وئەنتەرنێت بگرن هەرئاواش ناتوانن بەر لەهاتنی ئەم کوڵتورە بگرن. نە دین نە نەتەوەپەرستان ونە عەشایرەکان نە مەزهەب وتایفەکان ناتوانن بەر بەهاتنی ئەم کوڵتورە بگرن لەوانەیە کاریگەری ئەوەیان هەبێت کە هێواشی بکەنەوە، بەڵام سەرەنجام هەر دێت و دەبێتە کوڵتوری باوی کۆمەڵگە. چاوێ بگیڕێن بە کۆمەڵگەی کوردستاندا گەرچی کۆنەپەرستان ویستویانە بەربەست بن بەڵام نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن. دیاردەی ژن کوشتن لەسەر ناموس هەرچەندە کاریگەریە خراپەکانی کۆنەپەرستانی لەسەرە لە هەندێ شوێنی کوردستاندا ئەنجام دەدرێ، بەڵام لە هەندێ شوێنیش ئەم دیاردەیە نەماوە وەک ناوچەی هەورامان وهەڵەبجە، دیاردەی هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرگیری وخوشەویستی لەسەر خواستی هەردولا بە ئازادانە لە پەرەسەندندایە و ژن بە ژنە وشیربایی و مارەیی لە پاشەکشە دایە، زەواجی مەدەنی ڕووی لە هەڵکشاندایە بە تایبەتی لەم دوایانەدا لە ڕۆژئاوای کوردستان (کوردستانی سوریا)وا خەریکە دەبێتە کولتوری باو کە ئەمە هەمان شێوەی زەواجە لە ئەوروپا. کوڕان و کچان لە زانستگا وکۆلێجەکاندا پێکەوەن تەنانەت لەم دوایانەدا کوڕان کچان لە سلێمانی پێکەوە دەچون بۆ مەلەکردن وبۆ گەشتی شاخ. لە بواری موزیک ژنان بە کلیپی پێشکەوتوانە لە تەلەفزیۆنەکاندا دەردەکەون کە هیچ جیاواز نییە لە کلیپە ئەورپیەکان بۆ کوڕانی گۆرانی بێژیش هەروەها، جاران گۆرانی بێژی ژن لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوون ئێستا لە ژمارە نایەن، جاران ئەگەر ژن لە کلیپی گورانیەکانا هەبوایەن ئەوا یا عەرەب بوون یا بیانی وەک گۆرانیەکانی فواد ئەحمەد وشەماڵ صایب، بەڵام ئێستا ژنی کورد لەم بوارەدا لە ژمارە نایەن، جاران لە شانۆکان و نواندنە تەلەفزیۆنیەکان پیاو دەوری ژنی دەبینی وەک عومەر چاو شین ئێستا ئەو ژنانەی لەم بوارەدا کار دەکەن لە ژمارە نایەن. بێژەری ژن بە هەمان ستایلی جلوبەرگی بێژەرە ئەوروپیەکانەوە دەردەکەون لەسەر شاشەی کەناڵەکانیانەوە. جاران توندوتیژی دژی مناڵان لە قوتابخانە لە ئاستێکی باودا بوو ئێستا دەگمەنە، ژینگە پارێزی زۆر ڕووی لە سەرەوە کردوە لەچاو جاران، ئاژەڵ بە خێو کردن لە ماڵاندا بوەتە شتێکی باو وەک بە خێوکردنی سەگ وپشیلە جاران ئەمە نەبوو. پەرەسەندن وگەشەی کوڵتوری ڕۆژئاوا یا بڵێین کوڵتوری ئەورپایی لە کوردستاندا بە ڕووخاندنی دیوارەکان بووە، بەڕووخاندنی دیواری عەیبە وشورەیی و دیواری واقعی جیاوازو بڕوبیانوی پوچی تر بووە لەلایەن کەسانی کۆمۆنیست وچەپ وپێشکەوتووخوازو ئازادیخوازەوە هەروەها لەلایەن کەسانێکەوە بووە کە نەترس و بە جەربەزە بوون. بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان زۆر پێویستی بە هەموو ئەو کەسانە هەیە تا ببێتە کۆمەڵگەیەک کە هیچی کەمتر نەبێت لە کۆمەڵگە ئەوروپیەکان یا کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان لەبواری کولتورو زانست وداهێناندا.

١٧/٧/٢٠١٧

# دەنگێک لە مۆڵی (داون تاون)ی شاری هەولێرەوە...

## نووسینی: کەریم کەریم



ژیان و ژیانکردن لەهەرێمی کوردستاندا ڕۆژانە بەرەو سەختی و دژواری دەڕوات. دەنگی بێزاری و تووڕەیی و نارەزایی و نەفرەت لەلایەن هاووڵاتیانی کوردستان دەبینرێن و دەبیستریێت لەدژی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا. بەدڵنیاییەوە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک، هۆکارێکی لەپشتە و چەندین کاروکردەوەی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی بەدوای خۆی دەهێنێت. ئەم دەنگانەی هاووڵاتیانی کوردستان لەهیچ و خۆڕایی نییە و هەروا بەئاسانی دروست نابێت، بەڵکو لەدەرئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتێکی گەندەڵی و مڵهوڕی و بەربەرییەت کە لەلایەن دەسەڵاتی بۆرژوازی میلیشیای کوردستان بەڕێوەدەچێت. هاووڵاتیانی کوردستان ڕوبەڕووی چەندەها کێشە و گیروگرفتی ڕۆژانە دەبنەوە و یەخە و بەرۆکیان پێدەگرێت. کێشە و گرفتەکان ئەوەندە زۆرن کەماوەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە هەمووی لەسەر یەک کەڵەکە بووە و ئێستاکە ڕوبەڕووی خەڵکی کوردستان بوەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە لەبەر هەژاری و نەداری، بێکاری و گرانی، بێ مووچەیی و نابەرابەری، ترس و تۆقان و سەرکوتی، بێبەشکردنیان لەخزمەتگوزارییەکان و لەپێداویستییە گرنگەکانی ژیان لەچەشنی ئاو و کارەبا و چەندەها کێشە و گرفتی تر کە شەو و ڕۆژ پێوەی دەناڵێنن لەژێر دەسەڵاتی میلیشیای ناسیونالیستی کوردایەتیدا. هەر لەم ڕونگەوە لەڕێکەوتی ( ١٨/٧/٢٠١٧)دا لەکاتژمێر (٦)ی ئێوارەدا بەڕێکەوت بەناو مۆڵی (داون تاون)ی شاری هەولێردا دەڕۆیشتم و لەکۆتایی ڕێگای مۆڵەکەدا دوو گردبوونەوەی هاووڵاتیان و خاوەنی دووکانەکانم بینی کەچۆن بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەنگی تووڕەیی و نارەزایی خۆیان دەردەبڕی لەبەرامبەر کزی بازاڕ و گرانی کرێی دوکانەکانیان. تا خۆم گەیاندە یەکێک لەدوکاندەرەکان بەناوی (عبدوالقهار کەماڵ) و چەندین پرسیارم ئاڕاستەی ئەو پیاوە بەڕێزە کرد. لەسەرەتادا لەڕووخسار و دەم و چاوی (عبدوالقهار)دا ترس و گومانێکی زۆرم لێ بەدی دەکرد و زۆر دەترسا قسە بکات و وەڵامی پرسیارەکانی من بداتەوە. بەڵام هەر زوو خۆم بەم پیاوە ناساند و تا لەدوا جاردا (عبدوالقهار) دڵنیا بوو هاتە دەنگ و چەندین قسە و باسی بۆ کردم و وتی: ئەو مۆڵەی ( داون تاون ) دەبینی کە لە (٣) تابوق پێکهاتووە، قاتی سەرە و ناوەڕاست و خوارەوە. نزیکەی (٣)هەزار دووکانی تێدایە. کرێی هەر دووکانێک لە (٤٠٠) دۆلار دەستپێدەکات تاکو زیاتریش. ئێستا بازاڕەکە زۆر کزە و خەڵک زۆر بەکەمی شت دەکڕی. ڕۆژی وا هەیە هیچ شتێک نافرۆشین و دەبێ پارەی کرێی دووکان و دوو جۆرە کارەبا بدەین و زۆر شتی تر. ئێمە (١٥) ئەندامین لەهەموو بەشە جیاجیاکنی ئەم مۆڵە. خۆشم یەکێکم لەو (١٥) ئەندامە. ئێمە چەندین جارە گردبوونەوەمان ئەنجامداوە و دەنگی خۆمان گەیاندۆتە قایمقام و بەرپرسانی ئەم شارە بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە کرێی دوکانەکان کەم بکەنەوە و یارمەتی و پشتگیریمان بکەن لەهەموو ڕوویەکەوە. بەڵام نەک یارمەتی و پشتگیریمان ناکەن بەڵکو هیچ گرنگی و حسابێک بۆ ئێمە ناکەن و بە ئینسانیش قەبووڵ ناکرێن و نامانخوێننەوە. ئێمە حەز دەکەین واز لەو ئیشە بێنین، بەڵام هەر یەکێک لەئێمەی دوکانداران زیاتر لە دەفتەرە دۆلارێک کەل و پەلی لەناو دووکانەکاندایە و دەبێ هەمووی بەزەرەر بفرۆشین. دوای ئەوەش ئێستاکە هیچ ئیش نییە بکەین و هیچ ئیش نەمایە تا ڕووی تێبکەین و ژیانی ماڵ و مندالانی خۆمان بەڕێوەبەرین.

بەڵێ دەنگی بێزاری و تووڕەیی و نارەزایەتییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان تا دێت لەهەڵکشان و بەرزبوونەوە دایە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانین و پێزانینە پێویستە ئەم دەنگانە ڕێکخراو و یەکگرتوو بکرێت بەپێکهێنانی چەندین لیژنە و ڕێکخراو و کۆمیتەی جیاواز و سەربەخۆ کە تەعبیر و گوزارش و بەرگری لەتەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات. سەرەڕای ئەوەش بەپێکهێنانی لیژنەو ڕێکخراو و کۆمیتە جیا جیاکان دوو لایەنی گرنگ و پۆزەتیڤی دەبێت.

لایەنی یەکەم: دەتوانرێت لەڕێگای نوێنەران و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە لیژنە و ڕێکخراو و کۆمیتە جیا جیایەکانەوە هەرچی داخوازی و داواکاریان هەیە ئاڕاستەی لایەنی دیاریکراوی خۆیان بکەن.

لایەنی دووەم: بەپێکهێنانی لیژنە و ڕێکخراو و کۆمیتە جیاجیایەکان هاووڵاتیانی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە دەبێتە خاوەنی هێزێکی زۆر گەورە و کۆنکریتی. لەهەمان کاتدا ئەم هێزە جەماوەرییە لەئامادە باشی دایە بۆ ئەگەری هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و شۆڕشگێڕانە بۆ کۆتاییهێنان بەسیستەمی گەندەڵی و زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و ناعەداڵەتی و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی و مۆدرێن و بەرابەری بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

# ڕیفراندۆم پێشنیاری ئێمە بوو نەک مەسعود بارزانی

## نووسینی: ڕۆژ عەزیز



زیاتر لە ٢٠ساڵە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ڕیفراندۆمیان مەترەح کردوە، کەچی ئەمرۆ ناسیونالیزمی کوردو خودی مەسعود بارزانی بەناچاری پەنا دەبەنە بەر ڕیفراندۆم و دەنگی خەڵکی کوردستان، چونکە لە فیدراڵیەکەیاندا هیچیان بەدەست نەهێنا. بیرۆکەی ڕیفراندۆم لە ساڵی ١٩٩٥دا مەنسوری حیکمەت هێنایە گۆڕێ ئیتر لەو ڕۆژەوە کۆمۆنیستەکان بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکی کورد و ڕێگەچارەی کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستانی عێراقدا ڕیفراندۆمیان بەرێگە چارەیەکی کارساز، زانیوە.

تا ئەو کاتەی ڕژێمی سەدام حسین مابوو زەمینەکان لەبارتر بوون و بەدڵنیایەوە خەڵک لە ڕیفراندۆمدا دەنگی بە بەڵێ دەدا بۆ سەربەخۆی لەکوردستانی عێراقدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣داو دوای روخانی ڕژێمی بەعس دیسان زەمینەکان لەبارتر بوون و کۆمۆنیستەکان پێشنیاری ڕیفراندۆمیان کردو خوازیار بوون کوردستان سەربەخۆ بێت و پەلکێش نەکرێتەوە بۆ مەرکەزو لە شەڕو کێشە بەدوور بێت، بەڵام سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی خۆیان بە فیدراڵیزمەوە گرێداو چونەوە پاڵ مەرکەز. ئێستا دوای ١٤ساڵ کە فیدڕاڵیەکەیان شکستیان هێنا دەگەرێنەوە بۆ بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕیفراندۆم و ریفراندۆم بەرێگاچارە دەزانن، لەکاتێکدا هەر ئەم حیزبانە بوون دەورانێک بوو کۆمۆنیستەکانیان قەدەغە دەکردو زیندانیان دەکردن و بگرە لە ١٤ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٠دا بەم بیانوە کەوتنە هێرشکردنە سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق لە سلێمانی و لەم هێرشانەدا پێنج کادری ئەو حیزبە بەدەستی میلیشیاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خەڵتانی خوێنکران کە خواستی ریفراندمۆیان بەرز کردبوو وە ئەمەش لای سەرانی یەکێتی و ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی ئاسایشی نەتەوەی دەخاتە مەترسیەوە. هەموو ئەمانە و چەندین کێشەی دیکە بەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و کۆمۆنیستەکانی گرت لەسەر ڕیفراندۆم کەچی هەر ئەمرۆ خۆیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد ڕیفراندۆم بەدەستەوە دەگرن. کۆمۆنیستەکان بۆ مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتی گەرانەوە بۆ راو ئیرادەی خەڵکی و ڕیفڕاندۆم بە رێگایەکی گونجاو، دەزانن خوازیاریشین خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدات، چونکە حکومەتی عەبادی لەسەر ئەساسی حکومەتێکی قەومی مەزهەبی و تائیفی دامەزراوەو خەڵکی کوردستانیش ناتوانن لەگەڵ ئەم حکومەتەدا پێکەوە بژین. ئەگەر لە عێراقدا حکومەتێکی غەیرە قەومی غەیرە مەزهەبی هەبوایە و وە حکومەتێکی عادلانە بوایە، وەیان حکومەتێکی سۆسیالیستی بە وجود بوایە بێگومان نە مەنسوری حیکمەت ئەم تەرحەی دەکرد وە نە کۆمۆنیستەکانیش وە نە خەڵکی کوردستانیش دەنگیان بەجیا بوونەوەدا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزدا. بەداخەوە کەسانێک هەن پێمان دەڵێن دوای ڕیفراندمۆمەکەی پارتی کەوتون، بەڵام بیریان چووە حیزبی کۆمۆنیست زیاتر لە ٢٠ ساڵە بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆم بە رێگاچارە دەزانن. ئاخر حیزبێک زیاتر لە ٢٠ساڵ بێت باس لە ڕیفراندۆم بکات و خودی تەرحەکەش هی ئەوان بێت، سەیر نیە کەسانێک هەبن بڵێن دوای مەسعود بارزانی سەرانی بورژوازی کورد کەوتون.

لەو رەخنەگرانە دەپرسم بەڕاست مەسعود بارزانی پێشنیارەکەی ئێمەی دوای زیاتر لە ٢٠ساڵ قبوڵ کردوە یان ئێمە؟ بەراست بارزانی دوای پێشنیاری ئێمە کەوتوە یان ئێمە. ئاخر کارەساتە مەسەلەیەکی چارەنوس سازی پێنج ملیۆن ئینسانی بکەیتە قوربانی سیاسەتی دژە حیزبیت و مادام بارزانی پێشنیاری ڕیفراندۆمی کردوە تۆ موخالیف بیت بە ڕیفرانۆدمەکەی. لەخۆتان دەپرسم ئێمە خوازیاری ڕیفراندۆمی راستەقینەین بۆ خەڵکی کوردستان وخوازیاری جیابونەوەین کە خواستێکی گشتیە نەک بارزانی کەچی پێمان دەڵێن بوونەتە پارتی، ئەی باشە خۆ بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان لەگەڵ ڕیفڕاندۆمدا نین ئەی خۆتان مادام موخالف بە ڕیفراندۆمن مانای وایە بوونەتە پاشکۆی گۆڕان وئیسلامیەکان.

بزوتنەوەی گۆڕان وئیسلامیەکان بگرە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش چونکە ململانێیانە لەگەڵ پارتیدا نایەنە پاڵ مەسەلەیەک کە چارەنوس سازە بۆ خەڵکی کوردستان و خەڵکیان کردۆتە قوربانی سیاسەتی خۆیان و وە بەو کەس و هیزو لایەنانەش دەڵێن ئیوە بوونەتە پاشکۆی پارتی و ئەم ڕیفراندۆمەی پارتی تەنها فشارە بۆسەر دەوڵەتی مەرکەزی. دەپرسین ئەی خەڵکی کوردستان کۆمۆنیستەکان ئەرکیان چیە کە ئەم ڕیفراندۆمە قانونی بکەن و پشتیوانی نێو خۆی ودەرەکی بۆ پەیدا بکەین و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێنە پاڵ خواستی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی لەخەڵکی کوردستان بکەن، چونکە مەسەلەی سەربەخۆیی بێ پشتیوانی کارێکی قورسەو بەربەستەکانی بوونیان هەیە، بەڵام مادام مەسەلەیەکی چارەنوس سازەو پەیوەندی بە کێشەی خەڵکی کوردەوە هەیە و بێگومان خەڵک لەم ڕیفراندۆمەدا دەتوانن بریاری خۆیان بدەن و کێشەی خەڵکی کوردستان کە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە چارەسەر بکرێت و جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان مەترسیان بۆ دروست نەبێتەوە، هەرچەندە لەدوای نەمانی داعش هەم سوپای عێراق بەهێز بووەو وە هەم حەشدی شەعبی مەترسین بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێت زەمانی دوبارە نەبوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی بکات.

لەلایەکی دیکەوە رەخنەگران کە رەخنە لەئێمە دەگرن دەڵێن ستەمی نەتەوایەتی بوونی نیەو شتێک نەماوە بەناوی ستەمی میللیەوە، بەڵام پێمان ناڵێن چ گرەنتیەک هەیە کە ستەمی نەتەوایەتی دوبارە نەبێتەوە. ئەوەی من بەدی دەکەم لەبەشێکی دیکەی خەڵکدا کە موخالفن بە ریفڕاندۆم ئەوەیە کە زۆر بێزارن لەدەسەڵاتی کوردی و دەڵێن ئەمانە ٢٦ساڵە حوکمرانی دەکەن بزانن چ بەڵاو موسیبەتێکیان بەسەر خەڵکدا هێناوە، من لەنیگەرانیەکانیان تێدەگەم بەڵام داخۆ ئەگەر حەشدی شەعبی و سوپای عبادی هەرەشە بێت بۆ سەر خەڵکی کوردستان بۆی بکرێت بێتە کوردستان بۆ ئەوان لە سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی باشترن؟ بۆ سوپاکەی عەبادی دەسەڵاتی بارزانی تاڵەبانی لا دەبات و ئیتر ئەوان کۆتاییان دێت یان شەڕێکی خوێناوی دیکە روو لە کوردستان دەکات؟ بەبروای من مادام کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە و وە حکومەتی مەرکەزی عێراق حکومەتێکی قەومی مەزهەبی ناسیونالیستیە هەموو ئەگەرەکان مەوجودن کە مەترسیەک دەبێت لەسەر خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق، بەڵام هەلومەرجی سیاسی دیاری دەکات کە داخۆ مەترسیەکان نزیکن یان دوور .

ئێستا ئەوانەی رەخنە لە ڕیفراندۆمەکە دەگرن پێیان نەوتین بەدیلی ئەوان چیە بۆ کێشەیەک کە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە ئەویش کێشەی کوردە، ئەوان هیچ بەدیلێکیان نیە لەبەرامبەر ڕیفڕاندۆمدا کە ئەمرۆ لە دنیادا وەک ڕێگەچارەکان دیاری کراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان هەر دەڵێن ڕیفڕاندۆمەکەی بارزانیەو ناسیونالیستانەیەو هیچ قازانج وبەرژەوەندیەکی تێدانیە بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و خۆ مەشغوڵکردنە و ئەمە بۆئەوەیە خەڵک سەرقاڵ بکەن تا خواست وداواکاریان بیربچێتەوەو دەڵێن کۆمۆنیستەکان دەوڵەت ڕەتدەکەنەوە دژی حکومەتی قەومین. من دەمەوێت پرسیار لەو رەخنەگرانە بکەم باشە چارەسەرنەکردنی کیشەی خەڵکی کورد پەیوەندی نیە بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشەوە؟ باشە سبەینێ ناسیونالیستی عەرەب هێرش بکاتەوە سەر کوردستان وستەمی میللی دوبارە بێتەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشی کوردستان ناکوژرێن ئەوانیش نابنە قوربانی شەڕی قەومی؟ باشە خەباتکردن لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی ژیانێکی باشترو عادلانەدا کاری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و کۆمۆنیستەکان نەبووە؟ یان ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت کاری کۆمۆنیستەکان قورستر دەبێت یان سوکتر؟ بەبروای من خەباتکردن بۆ ئازادی وبەرابەری ئینسانەکان چ ئێستاو چ دوای ڕیفراندۆم وسەربەخۆیەکەش بەردەوام دەبێت و ئەرکی بەرەی ئازادیخوازیی و کۆمۆنیستەکانە لەخەبات بەردەوام بن تا دەسەڵاتی بورجوازی لەکوردستان وەدەر دەنێن و خۆیان حکومەتێکی دڵخوازی خۆیان بەدی دەهێنن .

ئێستا لیگەرێن با ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت با کێشەیەک هەیە کە پێی دەوترێت کیشەی کورد چارەسەر بێت ئەوسا مەجال فراوانتر دەبێت بۆ خەباتکردن بۆ ئازادی بەرابەری، چونکە هەم ناسیونالیستەکانی کورد ناتوانن بە دەولەتانی مەنتیقەکەو هەم بە هەرەشەکانی حکومەتی مەرکەز بمانترسێنن... دەوڵەتانی ناوچەکەش ناتوانن بە ئاسانی تەراتێنی کوردستان بکەن ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت. ئێستا بارزانی حیزبەکانی کوردایەتی هاتونەتە پای مەسەلەیەکەوە کە مەسەلەی کوردو چارەسەرەکەیەتی بەڕیفراندۆم کە ساڵانێک بوو خۆیان دژایەتیان دەکرد ئەمرۆ ناچار بوون بریاری خەڵکی کوردستان وەربگرن و پەیوەندی بەژیانی هەمووماناوە هەیە نەک بارزانی حیزبەکانی کوردایەتی، وەرن با پشتیوانی لەخواستی سەربەخۆیی چارەسەری کێشەی کورد بکەینەوە کە هێشتا لە ناوچە جێ ناکۆکەکان بۆنی شەڕو خوێن ڕشتنی لێ دێت وهەر رۆژێک بێت ئاگری شەڕ بەرۆکی خەڵکی ئەو ناوچانە دەگرێت کە هێشتا چارەسەر نەکراون و بەهەڵواسراوی ماونەتەوە. من دڵنیام حەشدی شەعبی و حکومەتەکەی عبادی لەسەر هیچ شەڕ بە خەڵکی کوردستان نەفرۆشن لەسەر ناوچە دابراوەکان شەڕ دەفرۆشن. بۆیە مادام ناوچە جێ ناکۆکەکان چارەسەر نەکراون بێگومان کێشەی خەڵکی کورد چارەسەر نەکراوە.

لەکۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم ڕیفڕاندۆم لەم سەردەمەدا باشترین ئامرازە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دەبێت ئەم مەسەلەیە قانونی بکرێت و ڕێگە نەدرێت ڕیفڕاندۆم لەلایەن ناسیونالیستەکانی کوردەوە مامەڵەی سیاسی پێوە بکرێت، هەر کەس و لایەنێک ئەم کارە بکات دەبێت خەڵکی کوردستان ڕێگەی پێ نەدات و هەر ئێستاش خەڵکی کوردستان مەترسی گرتنی سنورەکانیان هەیە کە کەلوپەل نەیەتە کوردستان وگرانی بێت و بەشێک لەخەڵکیش دەڵێن ئەگەر سەربەخۆیی ڕاگەیاندرا ئەوسا دەوڵەتانی ناوچەکە سنورەکان دەگرن، بەبروای من مادام کوردستان نەوتی هەیەو سەرمایەی هەیە ئەگەر سەربەخۆیش بەدی بێت و کوردستان سەربەخۆ بێت ئەوە بەدڵنیایەوە وڵاتانێک چونکە قازانج و بەرژەوەندیان لە کوردستانە ناچار دەبن هەم پشتیوانی لە سەربەخۆیی بکەن هەم کوردستان سەربەخۆ دەبێت وئەوانیش گرێ بەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی سەربەخۆی کوردستان ئیمزا دەکەن...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# پەروەردەی سلێمانی دەستپێشخەری بۆ بەتایبەتیکردنی خوێندن دەکات

## نووسینی: فوئاد قەرەداغی



تۆڕی هەواڵی سلێمانی نوێترین داهێنانی پەروەردەی سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی سیستمی فێربوون ڕاگەیاند. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی پێشنیازی سیستمێکی نوێی خوێندن بۆ حکومەتی هەرێم دەکات. پێشنیازەکەی یەکەم هەنگاوە بۆ بەتایبەتیکردنی خوێندن لە کوردستاندا. لەم وتارە دا چەند سەرنجێک تۆمار دەکەم، بەهیوای ئەوەی دواتر بەوردی بیمەوە سەریان.

گرنگترین خاڵەکانی پێشنیازەکە بریتین لە:

یەکەم: پێڕەوکردنی شێوازی یەک دەوامی و درێژخایەن، واتە چارەسەرکردنی گرفتی بینای قوتابخانەو نەهێشتنی دوو دەوامی و سێ دەوامی بۆ ساڵی نوێی خوێندن، بەڵام چۆن و بەچ بەرنامەڕێژییەک دەتوانێت گرفتێکی دەیان ساڵە چارەسەر بکات؟ ئەوە دیار نییەو نازانرێت. بەڕاستی ئەمە لەخەیاڵپڵاوی بەولاوە هیچیدی نییە.

خوێندنی درێژخایەن چییە؟ ئەوە تەنها واتایەکی هەیە، ئەویش درێژکردنەوەی ڕۆژەکانی ساڵی خوێندن یان زیادکردنی ساڵەکانی قۆناغەکانی خوێندنە. یەکەمیان بارگرانی بۆ خوێندکاران و زەوتکردنی کات و پشووی مامۆستایانی لێدەکەوێتەوە و، دووەمیشیان دواکەوتنی خوێندنە لە ڕەوتێکی جیهان کە ئێستا لەئارادایە بۆ چڕوپڕی بەرنامەکانی خوێندن و کەمکردنەوەی ساڵەکانی خوێندن لەهەموو قۆناغەکاندا.

دووەم: پێکهێنانی سیستمێکی هاوبەش لە نێوان خوێندنی حکومی وناحکومی، بە پاساوی ئەوەی "دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی کەرتی پەروەردە". ئەمە ڕێک ئەقڵییەتی بازرگانانی کەرتی تایبەت وبۆرژواکانی هاوکاریانن لە دەسەڵاتدا سەبارەت بە کرداری بەرهەمهێنان، بوارکردنەوەیەکی نوێیە بۆ سەرمایەگوزاریی کەرتی تایبەت و هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ بەتایبەتیکردن (خەصخەصە)ی خوێندن .

سێهەم: ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کە ڕۆڵی هەیە لە پەروەردەدا یان کەسانێکی دەوڵەمەند کە بیەوێت پشتیوانی پرۆسەی پەروەردە بکات. ئەم خاڵە جەختکردنەوەیە لەسەر خاڵی دووەم، سپاردنی پرۆسەی پەروەردەیە بە کۆمپانیاکان و یاسای قازانجی سەرمایەداریی وکردنەوەی دەرگایەکی نوێیە بەڕووی سەرمایەدارەکاندا بۆ سەرمایەگوزاری لەم بوارەداو هەرچی زێتر کەڵەکردنی سەرمایەو ڕامکردنی نەوەکانە بۆ خزمەتی چینی بۆرژوای دەسەڵاتدار و بەرهەمهێنانەوەی ئەو چینەو ئەقڵییەتی قازانجپەرستی سەرمایەدارانەی.

چوارەم: پەروەردە بیناو میلاک و پرۆگرامەکان دادەنێت و ئەوانیش بیناکە نۆژەندەکەنەوە و کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتوو دەهێنن و خول دەکەنەوە بۆ مامۆستایان! سەرنجڕاکێشترین خاڵی پرۆژەکەیە، فەرامۆشکردنی ئەو ڕاستییەیە کەلەم جۆرە پەیوەندییە ئابووریەدا، ئەوەی باڵادەست دەبێت لایەنی پارەدارە، ئاخر ئێوەی پەروەردەی سەر بە حکومەتێک مووچەی مامۆستایان و پێداویستییەکانی پەروەردەو فێربوون دابین ناکات و بە خەمی دوارۆژی نەوەکانمانەوە نییە، لەبەرامبەر کۆمپانیاو سەرمایەدارەکاندا جێ و ڕێتان چیی دەبێت؟ بێ گومان سەرەنجامی ئەو هاوکارییەتان لەدەستدانی بیناکان و گۆڕینی پرۆگرامەکان لەبەرژەوەندی سەرمایەو کردنەدەرەوەو بێکارکردنی مامۆستایان دەبێت، بەتایبەتی مامۆستایانی ناڕازی لە دەسەڵات بە بیانووی هێنانی کادیری پێشکەوتوو ( گوایا ) بۆ پەرەپێدانی پەروەردە، وەک ئەوەی خۆمان کادیری پێشکەوتوومان نەبێت یان توانای پێگەیاندنی مامۆستایانی شارەزاو پسپۆڕمان نەمابێت!

پێنجەم: بڕە پارەیەکی کەم لە کەسوکاری خوێندکار وەردەگیرێت کە بە بەراورد بە شوێنە ئەهلییەکان بڕێکی کەمە ... داڕێژەرانی پێشنیازەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان چاو لە واقیعی دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەپۆشن و، سەرباری تەنگژەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستکردی نێو هەرێم، سەرباری بێمووچەیی، گرانی، ئەو برسێتییەی بەسەر دانیشتوانی هەرێمدا سەپێندراوە، دەیانەوێت بۆ خزمەت بە دەوڵەمەندەکان و هەرچی زێتر پڕکردنی گیرفانەکانیان بڕێک پارە وەک باجی خوێندن لە کەسوکاری خوێندکاران وەربگرن، لەکاتێکدا پرەنسیپی عەدالەتخوازیی هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی ئەهلی گەرەک بوو، پێشگرتن بە جیاوازی چینایەتی گەرەک بوو ، یەکسانی و هەلی چوونیەکی خوێندنی لەبەردەمی هەموو منداڵاندا پێویست بوو، نەک جیاوازی خوێندن بەپێی پارەداری و بێپارەیی کەسوکاری خوێندکاران.

خوێندن مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو تاکێکی کۆمەڵە، منەت وشاباشی هیچ کەسێک و حزبێک و دەسەڵاتێک نییە، پێویستە دابین بکرێت، دەبێت حکومەت خەرجییەکەی دابین بکات، سامانی سەرزەوی و بن زەوی وڵات موڵکی هەموو تاکێکی وڵاتە دەبێت بۆ هاووڵاتیانی خەرج بکرێتەوە، بۆیە ئەرکی هەنوکەیی و دوارۆژی خوێندنێکی پێشکەوتوو و شایستە بە نەوەکانمان وەها دەخوازێت، مل بەم پێشنیازانە نەدرێت، لەشوێنی خۆیدا پووچەڵ بکرێنەوە، بەدوای چارەسەری دیکەوە بین بۆ گرفتەکانی پەروەردە نەک بە کاڵاکردنی گرنگترین پرۆسە لەژیانی ئێستای گەلەکەمان و نەوەکانی داهاتوودا.

2017 – 7 – 16

# بانگەوازێک لە هەڵسوڕاوانی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

خواستی سەربەخۆیی کوردستان خواستێکی ڕەوا و ڕێگاچارەیەکی گونجاو و پێویستە بۆ ڕزگاربون لە دۆخی نادیاری سیاسی و پاشکۆیەتی دەوڵەت و دەستورێکی عەرەبی و کۆنەپەرستانەی عێراق. لەم پێناوەدا ئێمە ناوەندی سەربەخۆیی کوردستانمان ڕاگەیاندوە تاکو بزوتنەوەیەکی فشاری جەماوەری سازبکەین بۆسەرخستنی خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان و ناکامکردنەوەی ڕێگریەکانی بەردەم سەرکەوتنی بڕیاری خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆبونیدا.

ئێمە لەڕێگەی چالاکی و کاری جەماوەری و لۆبی و میدیاوە دەمانەوێ ئەم بزوتنەوەی فشارە دروست بکەین تاکو ئەم ئامانجانە جێبەجێ بکەین:

- بەڕیوەچونی رفراندۆم بە شێوەیەکی ئازادو ڕەسمی و جێبەجێکردنی ئەنجامی ئەم دەنگدانەی خەڵکی کوردستان، کە ئاشکرایە سەربەخۆیی کوردستانە.
- ڕێگا نەدرێ حزبە دەسەڵاتدارەکان ئەنجامی رفراندۆم بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بەکار بهێنن و نەیکەنە بابەتی سەودا ومامەڵەی لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە.
- ڕێگاگرتن لەوەی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان بکرێتە قوربانی کێشەی دەسەڵاتی حزبەکان و کارکردن بۆئەوەی سەرجەم حزبەکانی کوردستان پابەندی مافی بەرپاکردنی رفراندۆم و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان بن.
- هەوڵدان بۆئەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان سەرپەرشتی ئەم رفراندۆمە لە ناوچە کوردنشینەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش بکا و ڕەسمیەت بدا بە ئەنجامەکەی و بە سەربەخۆیی کوردستان.
- ڕاکێشانی پشتیوانی پەرلەمان و حزب و حکومەت و ئەندام پەرلەمان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جیهان.
- ڕێکخستنی کاری جەماوەری بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر هەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر و ناکامکردنەوەی هەوڵەکانیان دژی سەربەخۆیی
- بەشدار دەبێ لە هەوڵی جەماوەری بۆ ئەوەی دەستور و یاسا و دامودەزگا و کارەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دەوڵەتێکی سێکولار بێ و مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکا بەبێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگەزو زمان و ناوچە.

ئێمە بانگەوازی هەڵسوراوانی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە لە پێناو ئەم ئامانجانەدا بەشداری لەم ناوەندەدا بکەن و لە هەموو شار و شارۆچکە و وڵاتێکدا هەڵسوراوان دەستەکانی دروست بکەن تا یەکدەست و پێکەوە بزوتنەوەی سەرتاسەری جەماوەری ڕێک بخەین لەپێناو سەرخستنی خواستی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

هەر هاوڵاتیەک دەیەوێ بەشداری لەم خەباتە بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا بکات دەتوانێت پەیوەندی بکات بە هەڵسوراوانی ئەم ناوەندەوە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتدا کە ناوەکانیان لە خوارەوە هاتوە:

ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

هەولێر:علی محمود (علی سیاسی)، چۆلی ئەسعەد، نەهرۆ ئەڵایی / سلێمانی: کنێر عبدوڵا، ڤینا کمال، عماد علی، سالاری ئاسنگەر، نەغەدە عوسمان، دیاری فریدون، عزیز ڕەووف، ئاری جلال / کفری و کەلار:شمال رووف، جلال هۆرینی / بەریتانیا: ئاسۆکمال، دەشتی جمال، د.نەزەند بەگیخانی، سعید ئارمان، نوری بەشیر، سەوسەن سەلیم، بەیان ئەمین/ سوید:فاتح شێخ، عبداللە محمود، ئاسۆ زەند / سویسرا:ئەحمەد عەلی، ستار حەمە شەریف / هۆڵەندە: حەمە غەفور/ کەنەدا: سەردار عەبدوڵڵا حەمە، ئاراس ڕەشید، مریەم عبدوڵا / دانیمارک: عوسمان ئەحمەد، شوان سدیق / ئەمریکا:جانی دیلان / ئوستراليا: موزەفەر عەبدوڵا/ ئەڵمانیا: پشتیوان کەریم گەڵاڵی

2017/07/22

# تورکیا ئەندامێکی ستافی تۆڕی جیهانی ئاواز دەست بەسەر دەکات



ئۆزلەم، کە یەکێکە لە ئەندامانی ستافی تۆڕی جیهانی ئاواز لەلایەن تورکیای ئەردۆغانەوە دەگیرێت. ئاواز تۆڕێکی کامپینی جیهانیە کە نزیکەی چل وچوار ملیۆن ئەندامی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە.

ئۆزلەم کاتێک گیراوە لە ئەتەستەنبوڵ کە بەشداری کردووە لە کۆبونەوەیەک بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ.وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپا نیگەران بوون بە گرتنی ئۆزلەم. لەوبارەوە سکاڵانامە لەلایەن ئەو تۆڕە جیهانیەوە ئامادە کراوە کە ئاراستەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئەورووپا دەکرێت لەسەر گیرانی ئۆزلەم وە داوای دەستبەجێ بەردانی دەکات. شایەنی باسە کە زۆرێک لە میدیای سەرەکی جیهانی و بەناوبانگ ئاماژەیان بە گیرانی ئۆزڵەم کردووە. بۆ نموونە ئەمنێستی ئەنتەرناسیۆناڵ، یوئێن، ڕۆیتەرس و بی بی سی. ئەوەی جێی باسە هەر هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەری ئۆفیسی ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال بۆ مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بە ناوی ئیدیڵ ئەسەر لەگەڵ نۆ کەسی تر گیرا. ئیدیڵ ئەسەر بە تاوانی ئەوەی کەسەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستیە گیراوە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ داوای دەستبەجێ ئازادکردنی ئیدیڵ ئەسەر وئەوانەیتر دەکات کە لەگەڵیا گیراون. ئەمنستی لە ڕاگەیەنراوێکدا بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات:

" ئەم گرتنە کارێکی قێزەونی ئیستیغلالکردنی دەسەڵاتەو بارودۆخێکی ترسناک پیشان دەدات لەبەرامبەر چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا. بۆیە دەبێت دەستبەجێ ئیدیڵ ئەسەر و هەموو ئەوانەی تر کە لەگەڵیدا گیراون بەربدرێن "
https://secure.avaaz.org/page/en/



# پرسی ژن و ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگای کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارەسەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پیشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە، کە هەر جارە لەگەڵ یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، سازی دەکات.**

**لەم ژمارەیەدا " بۆپێشەوە" لە سامان کەریم دەپرسێت....**

**بەرپرسی گۆشە: نازەنین سالح**



**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژ بەژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، چییە؟**

**سامان کەریم:** توندوتیژی لە کوردوستانی عێراق بەرانبەر بە ژن دیاردەو عادەتێکی ئێجگار فراوان وسامناکە. بە شێکی وەکو پاشماوەی سەردەمی جاهیلەکانی ناوگێراوی عەرەب "الجزیرة العربیة" پێویستە سەرنج بدرێت کە ئەویش کوشتن و ئەنفالکردنی ژنانە و لەمبارەوە دواکەوترین ناوچەو مەمەلکەتی سەر زەوییە. ئەگەرچی باسی توندوتیژی هەر کوشتن ناگرێتەوە هەموو ئازاردانێکی فیزیکی و سایکۆلۆجی و روحی دەگرێتەوە، کە بەرانبەر ئینسان دەکرێت.

بۆ بەوردی ناسینی ئەم دیاردە قێزەون و ناشیرین و کۆنەپەرستانە لە کوردستان وە بەتایبەتی کوشتنی ژن وەک قێزەونترین وبەرزترین ئاستی توندوتیژی وە نیشاندانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم فەرهەنگ و عادەتە، پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی مێژوویی دەبێت. کە بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بچینە نێو ئەم بابەتەوە. ئەنگلز لە پەرتوکی بەناوبانگی خۆیدا" سەرچاوەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت/ ل٣٧ چاپی ئەلکترۆنی" دەڵێت:" ئەم فۆرمی خێزانە مانای گواستنەوەیە لە زەواجی دوالیەوە بۆ تاک زەواجی. لەپێناو دابینکردنی ئەمنیەتی ژن، و زەمانەتی باوکایەتی منداڵەکان، ژن خرایە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای پیاوەکەیەوە. ئەگەر بیکوژێت، هیچی نەکردوە جگە لە پیادەکردنی مافێکی خۆی نەبێت" . ئەوە باسی قۆناغیکە تازە لەباری مێژووییەوە خەریکە شارستانی دەست پێدەکات و لەسەردەمی بەربەرییەت رزگارمان بوە، واتە قۆناغی پێش مێژوە. واتە گواستنەوە لە زەواجی دوالیەوە بۆ تاک زەواجی، کە لەگەڵیدا یەکەم دابەشکردنی کار لە نیوان ژن و پیاودا لە دایک دەبێت ئەویش بەرهەمهێنانی منداڵە. لەو کاتەوە کە هێندە دورە کە ساڵەکانی لە ژماردن نایە، تا ئێستا ژن لە باری ناوەرۆکەوە لە کوردوستانی عیراق، هەمان ناوەرۆکی هەیە. ئەگەر ژنەکەی بکوژێت، کە چەندین هەزار کوژراوە، ئەوا بەقەوڵی ئەنگلز. مافێکی خۆیان پیادە کردوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی شارستانی و" نوسیندا" نوسینی سەر دارو بەرد، راستەخۆ ڕەنگدانەوەی ئاستێک لە خاوەندارێتی تایبەت و سەرکەوتنی مێژوی بوو بەسەر خاوەندارێتی گشتی " کۆمۆنیزمی سەرەتایی" دا... کە جگە لە بەرژەوەندی ماددی وئابوری شتێکی دیکەی لە پشتەوە نەبوو، کە ئەویش مەسەلەی مافی بۆماوە" ویراسەت' بوو، لە باوکەوە بۆ منداڵەکان....

بەو ئاستەی کومەڵگاو شیوە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لەوکاتەوە تا ئێستا گەشەیان کردوە، ئێستاشی لەگەڵدا ئەم کەلچەرو فەرهەنگ و عادەتانە گیانێکی هێجگار سەختیان لەبەردابوەو بەشیوەی جۆراوجۆر سیستەمە چینایەتیە جیاوازەکان هەمیشە ئەبدەیتیان کردۆتەوە بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی سەردەمەکەیان.

لە کوردوستانی ئەمرۆی سەرمایەو ئابوری تا ئەوپەڕی لیبرالدا، ژن خاوەنەکەی کراوە بە پیاو، بەڵام پیاو خۆی کۆیلەی سیستەمێکە کە ڕۆژانە ورو گێژە لە سایەی ئەو شیوازە لە ئابوری سەرمایەداریدا، لە سایەی بێ موچەیی و بێ کارەباییدا. ئابوری بازارو لیبڕال و نەبونی موچەو کارەبا تەنها لە کوردوستان هەیە، ڕیک وەکو نوکتە پێمان دەڵێ کورد لەشێرە، جادەی قیرو کارەبای بۆچییە!!. ئابوری بازارو لیبڕال و ژن کوشتن لە کوردوستان دروست ئەو ڕاستی یە نیشان دەدات، کە ئەم سیستەمە پێویستی بە کاری ژنان نەماوە جگە لە مندال بون و لەشفرۆشی و سلیبرێتی سێکسی نەبیت. بەتایبەت لەسایەی نەبوونی یاسایەک بۆ پارێزگاری لە یەکسانی ژن و پیاو. کوردوستانی ئابوری بازاڕو لیبراڵ، بەڵام دەسەڵاتی سەرکوت و ڕێگر لە ئازادییە سیاسیەکان و دەسەڵاتێک کە بە ئاسانی نەک لە سایەیدا ژن زۆر بە ئاسانی دەکوژرێت بەڵکو ئەوەندە ژن کوژن پاساویشی بۆ دەهێننەوەو دەمی هەرچی مجەورو مەلاو ئاخوندە بەریان داوەتە ژنو ڕۆژانە ٥ جار جگە لە ڕادیوو کەناڵەکان، کەرامەت و هەست وسۆزیان ئەتک دەکرێت. بە جۆریک ئەگەر پێگەی ژن لەم هەلومەرجە لەگەڵ سەردەمی حامورابیدا بەراورد بکەیت ئەوە، ئەو سەردەمە، پێگەی کۆمەلایەتی ژن بەهێز تر بوو.

کاتێک ئینسان کوشتن ئاوا ئاسان بێت ئەوا سوکایەتی و ملهوڕی و ئەتکردن و لێدان و شێوەکانی دیکەی توندوتیژی سایکۆلۆژی و روحی بەرانبەر بە ئینسان" ژن" دەبێتە ئاو خواردنەوەو کاڵچەری باو و کاری هەمە رۆژە. ئەم دەسەڵات و سیستەمە لە کوردوستان بە ئاشکرا ژن وەک "قطیع" مێگەل تەماشا دەکات و بە ئاشکرا وەکو " مەجزەرە" قەسابخانە دەسەڵاتی داوەتە کۆمەڵگە ژن ئەنفال بکات.

ئەم باسە لە کوردوستانی عیراق، جیاوازی هەیە تەنانەت لە کوردوستانەکانی دیکە. بەجیا لە پایەی ئابوری ئەم باسە، ڕیرەوێک کە بزوتنەوەی ناسیونالیزم و بزوتنەوەی ئیسلامی وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی گرتویانەتە بەر، هەروەها خەباتی چینایەتی ودواکەوتنی ئەم خەباتە و لاوازبونی بزوتنەوەی چینایەتی کریکار لەبەرچاو بگرین و پاشان دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی . هەروەها شیوەیەک لەچەرخاندنی سەرمایەی کەمپی ئاوارەیی لەسەرەتاوەو دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە بەڕێوەبردنی بازاڕ وەک ئابوری تەشاروکی نێوان دەسەڵات و سەرمایەدار" بونی بەرپرسەکانی دەسەڵات بە سەرمایەدار" بە کۆمەکی سەرمایەی جیهانی گەورە لە ئەمریکاوە بگرە تا دەگاتە ئەوروپا و کوریاو تورکیاو ئێران و ئیمارات دواتر روسیا... لە کۆتاییدا دەست شتنی لیبرالیزم لەسەرخانی خۆی، واتە مافە سیاسی و فەردیو مەدەنیەکان.. لە ئاستی جیهانی و بەتایبەت لە وڵاتان و ناوچەکانی ژێر سایەی وڵاتانی زلهێزدا. هەروەها دواکەتویی چوارچیوەی فکری و فەرهەنگی باو لە کۆمەلگەدا لە سایەی ئیسلام و داگیرکاری و دواتر بزوتنەوەی کوردایەتی دا... هەموو ئامانە پیکەوە ئەم هەلومەرجەی پیکهێناوە.

**بۆپێشەوە: ڕێگاچارە چییەو دەبێ چ بکرێت، بۆ کۆتاییهێنان بەو ستەم و توندوتیژییەی، دژ بەژنان لە ئارادایە؟**

**سامان کەریم:** کۆتا وەڵام بە توندوتیژی دژ بە ژنان، تەنها بە شۆرشی کرێکاریی و دامەزراندنی سیستەمی شۆسیالستی مەیسەر دەبێت ئەویش لە دوا قۆناغەکانیدا، ئەگەر نا بەتەواوی لە کۆمۆنیزمدا بنەبڕ دەبێت. بناغەی توندوتیژی بەرژەوەندی ئابورییە. تا کۆمەلگە ئازاد نەبێت لە سیستەمی کاری بەکرێ لە سەرمایەدارو کرێکار، وە تاکو یەکسانی ئابوری دابین نەکەین... کە هەموو کەس بەهرەمەند بێت لە سەروەت و سامانی کۆمەلگە بەیەکسانی. توندوتیژی کۆتایی پێ نایەت. ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە. لە لایەکی دیکەوە هەمیشە وەکو زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و مێژووی دیکە وە تەنانەت وەک زۆر دیاردەی سروشی دیکە، کالچەر و نەریت وەکو سیستەمی خزمایەتی زۆر هێواش مێژوو دەتوانێت ناکامی بکاتەوە یان وەکو مارکس دەڵێت وەکو ... مەسائیلە سەرخانیەکان لە سیستەمە ئاینی و یاسایی وفەلسەفیەکان ... بەماوەیەکی زۆر دوای ئاڵوگۆرە بنەرەتیەکان ئاڵوگۆریان بەسەردا دێت...

بەڵام ئەم قەزیەیە هەر ئێستا وەڵامی دەوێت، وەڵامەکەی لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە گەشەو ریکخراوبونی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکارو هێزگرتنی کۆمۆنیزمەوە... بەو ئاستەی ئەم هێزە گەشە دەکات وبەتوانا دەبیت، بەهەمان ئاست وەلامی دان شکین دەدرێتەوە بە پیاوسالاری و دەسەڵاتەکەی لە کۆمەلگەدا وبەم پێەش کەمبونەوەی کوشتن و توندوتیژی بەگشتی... ئەگەر نا ئەمە کاری رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی نییە، بەڵکو کاری بزوتنەوەیەکی سیاسی شلگیری یەکسانیخوازی ژنانە کە بەشێکە لە بزوتنەوەی فراوانتری چینایەتی کریکار.


**بـــۆپێشـــەوە**

**دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوە کرێکاران و زەحمەتکێشانە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لە پەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوە..** bopeshawa@gmail.com

**ماڵپەری بۆپێشەوە** www.bopehsawa.net

# هەڵوێستێکی ئەنتی پارتیانە هەمان هەڵوێستی ئەنتی گۆڕانە !!

## دوو هەڵوێستی جیاواز بەرەو دوو بەرەی جیاواز لە ریفراندۆم... لە پەراوێزی چەند بیروبۆچوونێکدا لەسەر ریفراندۆم

**نووسینی: شوان عەزیز**



کوردستان بە هێزی ملیشیاییەوە دوو هێز کۆنترۆڵی کردووە، ئەوانیش یەکێتی و پارتین. لە ڕووی پانتایی جوگرافیشەوە دابەشیان کردووە بەسەر دوو زۆنی(ناوچە) زەردو سەوزدا . ئەم پارتی و یەکێتیانە لە ڕووی بەرژەوەندیەکانیانەوە، بە تەواوی هاوئاوازو و هاوکردارن لە گەڵ یەکتردا بە درێژایی ساڵانی حوکمڕانیان. ئەم دوو هێزە کە خاوەنی میلیشیای زەبەلاحی جۆراو جۆرن لە ژێر شەبەحی حزبایەتی ولە ژێر پەردەی کوردایەتیدا خۆیان حەشارداوەو بەهەردووکیان حکومەتێک بەڕێوەدەبەن کە خاوەنی دووئیدارەی تەواو سەربەخۆ لە یەکترن. خەڵکی کوردستانیان بەسەر ئەم دوو زۆنە دابەش کردوە. ئیتر لەدەرەوەی ئەم دوو حزبە سیاسیە کە لە بەرگی کوردایەتیدان چەند هێزو و تەیارو حزب گەلێکی تر هەن کە هێزوو توانای جەماوەری و ئیمکاناتی خۆدەرخستنیان هەر ئەوەندە ڕێگای پێداون کە ناچار بن لە دەوری تەوەری یەکێ لە پارتی یا یەکیەتیدا بخولێنەوە. لە نێو ئەو حزب و تەیارە سیاسیانەشدا هەن کە ڕاستەوخۆ شێوەی کارکردنیان وئاوازی قسەکردنیان نیشانی دەدات کە ئینسان وا هەست بکات کە ئەوانە دروستکراوی دەستی پارتی یا یەکێتین. ئەوەش دیارە کە بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ڕۆژی ڕەشی خۆیان و بۆ بەکارهێنانیان لە یەکلایی کردنەوەی ململانیکانیان لە گەڵ یەکتریدا.

گۆڕان کە لە منداڵدان و هەناوی یەکێتیدا سەری هەڵداو لەدایک بوو، هەر پانتاییە جوگرافیەکەی یەکێتیشی بۆ ئاسانتر بوو کە گەشەی تێدا بکاو لە کۆتاییشدا وەک هێزێکی سیاسی بەدەر لە پارتی و یەکێتی خۆی بخاتە سەرشانۆی سیاسی لە کوردستان. گۆڕان زیرەکانە توانی ناوجەرگی زۆنی سەوز و هەناوی بابەگەورەی خۆی کە یەکێتیە بنکۆڵ بکا، و لە سەر قووتێک خۆی پیگەیاند کە یەکێتی و پارتی بۆیان هەڵڕشت لە ماوەی دووردوودرێژی حوکمڕانیان. ئەو ناعەدالەتیەی کە پارتی و یەکێتی سەپاندبوویان بە سەر خەڵکی دا، بوو بە هەوێنی گەشەکردنی گۆڕان و ناڕەزایەتی خەڵکی کردە دەستمایە بۆ بوون بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن و دواتریش بەشداریکردن لە دەسەڵات. بۆیە گۆڕان ڕێک ئەو شێوە دیموکراسیەتەو پەڕلەمانیەی کە پارتی و یەکێتی پەیڕەویان لێدەکرد، دیارە بۆ چاوبەستەکی دنیای دەرەوەبوو، گۆڕان بە قازانجی خۆی وەبەرهێنانی تێدا کرد. کار گەیشتە ئەوەی کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر زۆنەکەی بابە گەورە(زۆنی سەوز). بۆیە ئەمەی لێ قبووڵ نەکراو بە دەیان شێوەی جۆراوجۆر دیارە بە هاوکاری لەگەڵ دەستە براکەی کە پارتیە یەکێتی توانی گۆڕان لە گەشەکردن رابگرێت، و تەنانەت وای لێکرد کە بەقەدەر جەماوەرەکەو هەوادارانیشی قورسایی بۆ حیساب نەکات.

دوێنێ وئێستای کوردستان نیشانی ئێمە دەدات کە لە ڕاستیدا یەک زۆن ماوە کە توانیبێتی وەک زۆنی سەرەکی خۆی پاراستبیت ئەویش زۆنی زەردی پارتی دێموکراتی کوردستانە. زۆنەکەی تر تووشی نەخۆشی و شەلەلی پارچەبوون هاتووە و ناتوانرێت بگوترێت تەنها سەوزە و بەس( بۆتە زۆنی سەوز و نیلی). سەوز نەیتوانی پارێزگاری لە قەوارەی خۆی بکات. کەواتە ئێستا بۆمان هەیە بڵێین نیلی هاتۆتە تەنیشت سەوزەوە. وە زۆر جارانیش ڕەنگە نیلی ئیدیعای براگەورەییش بکات. بۆیە جەختکردن لیرەدا دێتە سەرئەوەی کە ئیتر سەوز ناتوانێت بە تەنیا لە گەڵ زەردا وەک پێشوو ڕەفتار بکات. گۆڕان پێش کۆچی ڕێکخەرەکەی نەک هەر قەبووڵی ئەوەی نەئەکرد کە وای لێ بکەن بەدەوری تەوەرەی یەکێک لە پارتی یان یەکێتیدا بخولێتەوە، بەڵکو دەیویست یەکێک لەو دوانە ئەگەر هەردووکیانیشی بۆ مەیسەر نەبن ئەوا لانی کەم یەکێکیان، کە دیارە دەبیت هەر یەکێتی بێت، بەدەوری گۆڕاندا بخولێتەوە. بەڵام کاتێک کەپارتی شەقی هەڵدا لەپەرلەمان و دوای ئاودیوکردنیان بۆ ئەودیوی دێگەڵە، نەک هەر ئەو خەونەی گۆڕان بە تەنیا چووە دواوە، بەڵکو تێک شکان و چوونە دواوەی هەموو حزبەکانی تریش بوو لە بەرامبەر پارتیدا. دیارە بەنەمانی نەوشیروان مستەفاش یەکیەتی مەبەستیەتی نەک هەر نەبێتە پاشکۆی گۆڕان، بەڵک و مەبەستیەتی گۆڕان لە بەرامبەر پارتیدا هەمیشە وەک کارتی فشار، وە ئەگەر بۆی بلوێت وەک پاشکۆش، بەکاربێنێت.

گۆڕان ئەگەرچی بێ باوکێکی دەستڕۆیشتووی بێ ڕکابەری پێوە دیارە، بەڵام هێشتا بۆ ئیدامەدان بەژیانی دەم لەهەندێ شت دەکوتێت. گۆڕان بە ئاشکرا ڕای گەیاند : <u>یا من یان نا بۆ ڕیفراندۆم</u>. گۆڕان تا ڕادەیەک توانیویەتی بەشێکی خەڵکی ئەم کوردستانە پەلکێشی بەرەکەی خۆی بکات، کە نابێت دەنگ بەڕیفراندۆم بدرێت تا ناوماڵی کوردو و پەڕلەمان ئاسایی نەکرێتەوە. بەدوایدا یەکسەر کۆمەڵی ئیسلامیش هاتە سەر هەمان بیروڕا. کە بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان ڕوونە مەبەستیان لە ناو ماڵی کوردی چیە؟ بۆیە یەکێتیش تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە خۆی یەکلا بکاتەوە. واتە بەفەرمی نە لەگەڵ ڕیفڕاندۆمەکەدایە و نە بەفەرمیش دژایەتی دەکات. بە واتایەکی تر پڕۆژەکەی زۆنی زەرد بۆ ڕیفڕاندۆم هێندەی دیکەشی یەکێتی تووشی بن بەست کردووە. واتە لەگەڵ پارتی دەبێت هەر وەی لەگەڵی نابێت هەر وەی !!! لێرەدا بە ڕای من ئەوە دەبینم کە یەکێتی هێزو و جەماوەری جارانی لەدەست داوە لە بەرامبەر گۆڕاندا. وە لە ناو خۆشیدا لە دووباڵیەوە بۆتە چەند باڵی. ئەمەش هێندەی دیکەی یەکیەتی تووشی بێ هێزی و بێ هەڵوێستی مەرکەزیانە کردووە. بە واتایەکی تر یەکیەتی ناتوانێت لەئێستادا حساب بۆ گۆڕان نەکات. ئەمەش وەک مۆتەکەی شەو وایە بۆ پارتی.

بۆیە بە ڕای من، هەر تێڕوانینێک و هەڵوێست گرتنێک لە بەرامبەر ڕیفڕاندۆم دا، لەلایەن حزبە قەومی و ئیسلامیەکانەوە، دەچێتە ناوسەبەتەو قەرتاڵەی سوودو و بەرژەوەندی یەکێک لەو دوو بەرەیە. بە واتایەکی تر هەڵوێست وەرگرتن لە دژی ڕیفڕاندۆم خاوەنەکەی دەخاتە بەرەی ئەنتی پارتیەوە، و لەگەڵدابوونیشی خاوەنەکەی دەخاتە بەرەی ئەنتی گۆرانەوە. بۆیە هەر هێزو حزبێک کە نەتوانن خۆیان بەرەی خۆیان و دیدگای سەربەخۆیان هەبێت، با لە ئێستاوە دڵنیا بن کە حەتمەن هێزی موگناتیسی یەکێک لەو دووبەرەیە بۆلای خۆیانی ڕاکێش کردوون. بۆیە هەر پاساو هێنانەوەیەک بۆ بوون لە گەڵ ریفراندۆمدا تەنیا کارێک کە دەی کەن ئەوەیە زیاتر خۆیان دەخەنە بەرەی ئەنتی گۆڕانەوەو بە پێچەوانەش حەتمەن دەخرێتە بەرەی خۆفرۆشی و دژە کوردایەتیەوە (کە پارتی ڕابەرایەتی ئەم هەڵوێستە دەکات)و لە کۆتاییشدا دەچنە بەرەی ئەنتی پارتیەوە. وەک چۆن پاساوەکان بۆ بوون لەگەڵ ڕیفراندۆمدا حەتمەن بەشێکیان لە ئەنتی گۆڕانەوە سەرچاوە دەگرن هەر ئاواش دژایەتی ڕیفراندۆم بەشێک لە پاساوەکانی لە ئەنتی پارتیەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ هەر لایەکیش لە پاساوەکان بەشێک لە ڕاستیان تێدا هەن.

**پوختە:**

بێجگە لە پارتی و گۆڕان و یەکێتی زۆرێک لە هێزو و حزبەکانی تر بەناسیونالزیم و ئیسلامی و هەروەها زۆرێک لەچەپەکان، ناتوانن وەها زوو ئیمکانیاتی ئەوەیان لە بەردەست دانیە و ناتوانن کە لە دەرەوەی ویست وبەرنامەی پارتی ویەکێتی وگۆڕاندا وەک هێز و بەرەی سێیەم هەبن.

بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ویستی بەکردار لەدەرەوەی ویست و بەرنامەی یەکێتی و پارتی کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات، ئەویش بە هێنانی پرۆژەی ڕیفراندۆم بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥. بەڵام ئاکامەکەی ئەوە بوو کە شەڕیشیان پێ فرۆشرا لە لایەن یەکێتی نیستیمانی کوردستانەوە. وە هەروەها جێگاشیان بۆ کار و چالاکی سیاسی لە لایەن پارتیەوە پێ لێژ کرا. بەهانەکەش ئەوە بوو کە حزبی کۆمۆنیست داوای سەربەخۆیی کوردوستان و یەکسانی نێوان ژن و پیاوی کردووە. یەکیەتیش خالێ سەربەخۆیی وەک هەڕەشە بۆ سەر یەک پارچەیی خاکی عڕاق لە دژی حیزبی کۆمۆنیست بەکار هێنا. ئەمە هۆیەک بوو لەو هۆیانەی کە یەکێتی حزبی کۆمۆنیستی پێ دایە دادگاکەی سەر بەخۆیان و بەهێزی چەکداری بارەگاکانیان پێداخستن لە سلێمانی. بەڵێ ئینکاری ئەوە ناکرێت کە ئێستا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەک تاکە هێزێک بەراشکاوی دیفاع لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکات، بەڵام چونکە بە فۆرم و سیاسەتێکە کە زۆر جیایە لە بەرنامەی پارتی، بۆیە بەبڕوای من حیزبی کۆمۆنیست ناکەوێتە بەرەی پارتی کەهەمان بۆچونی هەبێت لەسەر ڕیفڕاندۆم. لەبەرئەوەی هەردوو بەرەی لایەنگری ریفراندۆم و دژی لە پارتی و بەرەکەی تر، هەموویان (بەڕەئی من) لە ڕووی بەرژەوەندی حزبیەوەیەو کێشەکانیشیان هەرلەسەرئەمەیە. بەپێچەوانەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئیدامە پێدەدات. حیزبی کۆمۆنیست پێی وایە کە گرێ کوێرەیەک و کێشەیەکی مێژوویی و سەرەکی هەیە کە ئەویش مەسەلەی میللیەو لەو ڕێگەیەشەوە کۆتایی پێ دێت. ئیتر کە کۆتایی بەم کێشە سەرەکیە هات ریگای خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەگەڵ دەسەڵاتی خۆوەڵاتی کوردیدا خۆشتر دەکات. وە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی کە زۆرێک لەخۆشخەیاڵی مقدەسات و پیرۆزیەکان کاڵ دەکاتەوە کەرێگرن لەبەردەم خەباتی چینایەتیدا. بۆیە دەبێت(بە ڕای من) حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش لە هەلومەرجی ئێستای بێتەدەرەوە و ببێتە هێزێکی کاریگەری وا کە وەک هێزی سێهەم مۆری خۆی بنێت بە ئاڵوگۆڕی ڕووداوەکانەوە، بەشێوەیەک کە بتوانێت بەشێک لەبەڕەکەی ژێر پێی حزبەکانی کوردایەتی کە مەسەلەی میللیە دەربهێنێت. وە حیزبی کۆمۆنیست بەم ڕێڕەوی کارکردنەی بە نەزەری من ئەو ڕاستیەش بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان یەکلا دەکاتەوە کە کام هێزە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵک جووتە و تێکۆشان دەکات بۆ دنیایەکی ئارامتر، بەختەوەرتر، وە جێگیرتر. وە ڕوون دەبێتەوە کە کام لا بە جیددی کاری بۆسەربەخۆیی کوردوستان کردووەولە بەرامبەریشدا ڕووندەبێتەوە کە کام هێزو حیزبەیە ئەمەی بە جیددی لێ چاوەڕوان ناکرێت و تەنها بەرژەوەندی حیزبی و کەسییان لەلا لە پێشترە وەک لە ویستی خەڵکی کوردوستان.

## کۆتایهێنان بە کێشەی کورد، ڕێگای خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەگەڵ دەسەڵاتی خۆوەڵاتی کوردیدا خۆشتر دەکات

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ئەمە وەڵامی پرسیارەکە نەبوو!

## چەند سەرنجێک لەسەر وەڵامی مەریوان وریا قانع بە پرسیارێک دەربارەی ریفراندۆم

نووسینی: رێبوار ئەحمەد



بەرێزێک ئەم پرسیارەی ئاراستەی بەرێز مەریوان وریا قانع (م.و)کردووە " لەبەرچی بابەتیک نانوسی کە تۆ بەچارەسەری ئەزانی بۆ ئەم دۆخەی ئەمرۆ؟ هەمومان هەر رەخنەمان هەیە روئیایەکی راست و دروستمان نییە، ئایا کورد چ هەڵبژادەیەکی هەبێت؟ دەستبەرداری سەربەخۆیی بێت یان لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟ ئایا عێراق دەتوانێت پابەندی ئەو پێکەوە ژیانە بێت کە ئێمە دەمانەوێت؟ یان چ جۆرە بڕیارێک بۆ ئەم هەمو نەهامەتیە باشترینە؟"

(م.و) لە وەڵامدا ئەمسەرو ئەوسەری کردووە، بەڵام خۆی لە وەڵامی سەرڕاست بە پرسیارەکە لاداوە. هەموو بنەما و بەڵگە واقعیەکانی پشتی پرسی سەربەخۆیی کوردستانی فەرامۆش کردووە و لە رستەیەکدا وای نیشانداوە کە گوایە خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە ترسی ئەنفالکردن هێنراوەتە گۆڕێ، بۆئەوەی باسەکە بۆ جێگایەک بەرێ کە خۆی مەبەستیەتی. ئەو دەڵێ "ئەمڕۆ لە هەرێمدا گوتارێکی دروستکراوە وای نیشان ئەدات کە کورد یان ئەوەتا جیادەبێتەوە و سەربەخۆ دەبێت، یان ئەوەتا ئەنفال دەکرێت و لەناودەبرێت؟ "

بەڵام لە راستیدا ترس لە "ئەنفال" نەک تاقە هۆکار و بەڵگەی پشتی پرسی سەربەخۆیی نیە، بەڵکو لە ئێستادا تەنانەت پێگەیەکی لاوەکیشی نیە لە هاتنەگۆڕی ئەم پرسەدا. خواستی سەربەخۆبوونی کوردستان ئەمڕۆ لە دوو روانگەی جیاوازەوە لە ئارادایە، کە هیچیان ترس لە " ئەنفال" ناکەن بە بەڵگەی پێداگری لەسەر ئەم خواستە. روانگەیەکیان ناسیۆنالیستیە و لەلایەن بزووتنەوە و ئەحزاب و رووناکبیرانی ناسیۆنالیست و نەتەوەپەرستی کوردەوە پێداگری لەسەر سەربەخۆیی دەکات و بەڵگەکانی بە دەربڕینی جۆراوجۆر ئەوەیە کە نەتەوەی کورد پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەکو خەون و ئامانجێکی پیرۆزی نەتەوەیی و دەوای هەموو دەردەکان نیشانی خەڵک دەدات. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ئەزمونەکەیان "فیدراڵیزمی قەومی" لە مەیدانی واقعدا شکستی خواردووە و ناکام ماوەتەوە. ناسیۆنالیستەکان ئەو راستیە دەزانن و دەبینن کە دۆخی سیاسی و هاوکێشەی سیاسی عێراقی دوای شکستی داعش گەڕانەوە نابێت بۆ دۆخ و هاوسەنگی دوای رووخانی بەعس و داگیرکردنی عێراق و تەنانەت بەر لە سەرهەڵدانی داعش. ئەم هاوکێشەیە بەپێی هاوسەنگی تازەی هێزەکان لە عێراقێکدا کە لەسەر بنەمای شوناسە دروستکراوە قەومی و تائیفیەکان و هاوبەشی هێزەکانی ئەم شوناسانە لە دەسەڵات دارێژراوە، گۆڕانی بەسەردێت. دەزانن کە هاوسەنگی تازە دوورە لەوەی ئەوان دڵ بە پیادەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور و ١٧% ی بودجە و خواستەکانیان لە بارەی هێزی پێشمەرگە..و... خۆش بکەن و تەنانەت ئاسۆی پێگە و پۆستەکانیان لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا روون نیە. بۆیە باسی ریفراندۆم و سەربەخۆییان هێناوەتەگۆڕێ و بە ئەگەری زۆریش تەنها وەکو کارتی فشار بەرامبەر حکومەتی ناوەندی کەڵکی لێوەردەگرن بۆ داسەپاندنی مەرامەکانیان. جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ رەنگە پلانی (B) ئەوان بێت لە پرۆسەیەکدا کە ئەگەر ریفراندۆم و بڕیاری سەربەخۆیی وەکو کارتی فشار دادی نەدان، ئەوکات بە رازیکردن و خاترجەم کردنی دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکان بەوەی کە دەوڵەتەکەیان ملی لە مو باریکتر دەبێت لە ئاست فەرمان و بەرژەوەندیەکانی ئەواندا، پەنابەرن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ.

روانگەی دووەم لە ٢٢ ساڵ لەمەوبەرەوە لەلایەن کۆمۆنیزم و ئازادیخوازیەوە پێداگری لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکات. لەم روانگەیەشەوە "ترس لە ئەنفال" جێگەیەکی نیە. بەڵگەکانی ئەم روانگەیە ئەوەیە کە هەرچەندە ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان کۆتایی هاتووە، بەڵام کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سیاسی و گرفتێکی کۆمەڵایەتی کە نزیکەی سێ چارەکە سەدەیە کۆمەڵگای عێراقی خستوەتە ژێرکاریگەری خۆیەوە و برینێکی قوڵی لە جەستەی ئەم کۆمەڵگایە هەڵکەندووە، ماوەتەوە. سەردەمێک ناوەڕۆکی ئەم کێشەیە بریتی بوو لە ستەمی قەومی و شەڕ و بەرامبەرکێی هەردوو ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد لەسەر شەریکبونەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەسەڵات، هەروەها وەستانەوەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دژی سەرکوت و ستەمی دەوڵەتی ناوەندی. بەڵام ئەمرۆ ناوەڕۆکی ئەو کێشەیە گۆڕاوە بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی و رق و کینەیەکی قەومی نێوان کورد و عەرەب کە هەردوو ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب خوڵقاندویانە و بە تایبەتیش بە داسەپاندنی فیدراڵیزمی قەومی بە قوڵی براوەتە ناو خەڵکەوە. دەسەڵاتی بنەماڵەیی و مافیای ئێستای کوردستان و عێراقیش لەسەر ئەم ناکۆکیە دەلەوەڕێن. چ شتێک لەوە ئاشکراترە کە کاتێک خەڵکی کرێکار و ستەمدیدەی کوردستان دەکەونە شەڕ و کێشەوە لەگەڵ ئەم دەسەلاتە تالانکەرە لە پێناو سەرەتاییترین مافەکانیان، دەسەڵاتی کورد بە ئاسانی بە سازکردنی هەرا لەسەر مەسەلەیەکی قەومی وەکو هەڵکردنی ئالای کوردستان، مادەی ١٤٠ی دەستور و بەشی کورد لە دەسەڵات و داهات، رووی خەڵکی بەدەنگهاتوو لە دژی خۆیان وەردەگێڕن بەرە بەغدا و لە پشتی سیاسەتەکانی خۆیان هەڵیاندەخڕێنن. ئەوەندە بەسە کە وای نیشانبدەن جاری شەڕ لەسەر بەشی کوردە لە عێراق، بۆ ئەوەی جەماوەری ستەمدیدە لە دژی تالانگەری خۆیان بێدەنگ بکەن. بەڵگەی دووەمی ئەم روانگەیە خودی فیدراڵیزمی قەومیە، بەدەر لە شکست و مایەپوچبوونی ئێستای ئەم ئەزمونە، خودی دەستەبەندی کردنی هاوڵاتیانی عێراق بەسەر کورد و عەرەب و شیعە و سونەدا، پاشان دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە نێوان نوێنەرانی ئەم قەوم و تایەفانە، خۆی مادەیەکە بۆ ئەبەدی کردنی شەڕ و کێشەی نەبڕاوە لەسەر زیاد و کەمکردنی ئەم بەشانە و بەیەکدادانی خەڵکی سەر بەم قەوم و تایفانە. فیدراڵیزمی قەومی جیاوازی و ناکۆکیەکی توند و گەورەی هەیە لەگەڵ فیدراڵیزمی ئیداری و جوغرافی کە لە زۆر جێگای دنیادا لە ئارادایە و زۆرکات سیاسیەکان و روناکبیرانی کورد دەیانەوێ فیدراڵیزمی قەومی پێ پاساوبدەن. لە فیدراڵیزمی ئیداری و جوغرافیدا ناسنامەی جیاواز بۆ دانیشتوانی هەرێمەکان داناتاشرێت و کێشە و رق و دوبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان دانیشتوانی هەرێمەکاندا پێکناهێنێت، واتە رێک بە پێچەوانەی ئەو فیدراڵیزمە قەومی و تایفیەوە کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە.

کۆتایهێنان بە کێشەی کورد و ئەم رق و کینە و دووبەرەکی و دوژمنایەتیە قەومیە کە زۆرجار تا لێواری شەڕی قەومی دەڕوات و تەنانەت هەندێک جار شەڕی لێرەولەوێش روویداوە، لە دوو رێگا زیاتری نیە. یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی لە عێراق کە هەموو هاوڵاتیان بەدەر لە شوناسی قەومی و دینیان لە هەموو بوارێکدا یەکسانبن و هیچ جۆرە دەستەبەندی و جیاکاری و هەڵاواردنێک لە ئارادا نەبێت، یان جیابونەوەی کوردستان و دامەزاراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. تەنانەت ئەگەر لە عێراقدا دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیش لەسەرکار بوایە، هێشتا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ستەمەی کە دەیان ساڵ لەلایەن دەوڵەتە ستەمکارەکانی عێراقەوە دژی خەڵکی کوردستان پیادەکراوە، ئەوە خەڵکی کوردستانن کە لە ریفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو رێگایە دەدەن.

ئەم مەسەلە و فاکتەرە واقعیانە لەلایەن (م.و) بە تەواوی فەرامۆش کراون و گۆڕاون بۆ "ترس لە ئەنفال" بە مەبەستی پەسەند نیشاندانی رەتکردنەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە روانگەیەکی دژە پارتیەوە. (م.و) و ئەوانەی لە پشتی ئەم دیدگایەوە وەستاون دژی نەتەوە پەرستی و ناسیۆنالیزم نین، دژی دەسەڵات و "جیهازێکی مۆدێرن" بەڵام بیروکراسی سەروخەڵکی نین، دژی ستەمی چینایەتی و هەڵاواردنی جنسی و قەومی و دینی نین، دژی دەستەبەندی و داسەپاندنی شوناسی دەستساز نین، تەنها دژی بنەماڵەی بارزانی و پارتین. تەنانەت دژە پارتی بوون، بەو ئەنجامەی گەیاندون کە دژایەتی مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بکەن. ئەم دیدگایە لە فەلەکی پارتی و بارزانیدا دەسورێتەوە، پارتی و بارزانی هەرچی بڵێن ئەوان دەڵێن پێچەوانەکەی راستە. ئامانجەکەشیان لەوەدا گەڵاڵە دەبێت کە دەسەڵات لە دەستی بنەماڵەی بارزانیەوە وەکو بەشێک لە چینی دارا و ستەمکاری کوردستان بگوازرێتەوە بۆ دەستی بەشێکی تری هەمان چینی ستەمکار. نوێنەری سیاسی و حزبی ئەم دیدگایە بزوتنەوەی گۆڕانە کە چۆن لەو ساتەوە گۆشەیەک لە کورسی دەسەڵاتیان پێدرا داوایان کرد شەقام ئارام بێت و کەس نارەزایەتی دەرنەبڕێت، ئێستاش ئەگەر پارتی رێگابدات سەرۆک پەرلەمانەکەیان و وەزیرەکانیان بگەڕێنەوە سەر کورسیەکانیان هەموو ئەم هەرایە لە دژی پارتی و بنەماڵەی بارزانی و دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەپێچنەوە و ئاوی تەبەڕوکی یاسایی بەسەر بڕیار و پلانی بارزانیدا دەپرژێنن.

بەڵگەیەکی تری (م.و) ئەوەیە کە دەڵێ " بە بۆچوونی من ئەو نوخبە سیاسییە باڵادەستەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا حوکمڕانە زۆر لەوە داماوتر و بێتواناتر و بێپلانترە بتوانێت سەربەخۆیی ئەنجامبدات" بەڵام ئەمە بەڵگەیەک نیە بۆ رەتکردنەوەی خودی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەڵکو بەڵگەیەکە بۆ پێویستی پێداگری شێلگیرانە لەسەر ئەم پرسە ئەم مافە و ئەم رێگاچارەیە و نەسپاردنی بە پارتی و هاوپەیمانە داماوەکانی. ئەمانە جگە لە داماوی و بێتوانایی و بێپلانییان بە هیچ جۆرێک جێگای متمانە نین، بەرای من تا سەرلەبەیانی رۆژی ٢٥ سەپتەمبەریش ئەگەری ئەوە هەیە ئەمانە پەشیمان ببنەوە لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی. چەندین جار بۆ مەبەست و مەرامەی خۆیان ئەم پرسەیان جوڵاندوە و پاشان بێدەنگیان لێکردووە. مێژوو دەیانجار ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان سەلماندووە کە ئەمانە بە هیچ جۆرێک جێگای باوەڕنین. خودی دەسەڵاتی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی یەکێتی و پارتی نابێ خۆشباوەڕیەکی لای خەڵک هێشتبێتەوە. هەر وەکو ئەزمونی خۆشباوەڕی بزووتنەوەی ١٧ی شوبات و دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش نیشانیداوە کە گۆڕان و ئیسلامیەکانیش لەوان داماوترن. بەڵام بەدەر لە هەموو عەیب و عاری ئەم هێزانە، سێ چارەکە سەدە شەڕ و کێشەی قەومی، پێکەوە ژیانی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ خەڵکی عێراق، ئەویش لە سایەی دەسەڵاتێکی فیدراڵی قەمی و تایفی کۆنەپەرستانەدا زۆر سەخت و دژوار و پڕدەردەسەری کردوە. بۆیە زامنی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بتوانن خۆیان بڕیاردەری ئایندەی خۆیان بن، تەنها لە مەیدان راوەستانی جەماوەری ستەمدیدەیە بە ریزێکی جیاواز و ئاسۆیەکی سیاسی جیاواز لە ریز و ئاسۆی ئەم حزبە بۆرژوازیە داماوانە، لە دەوری خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی واقعی دوور لە زەخت و زۆر بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە پێناو جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی کە هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەر لە ناسنامەی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئاسوری و کلدانی، وە بەدەر لە ناسنامەی ئیسلامی و شیعی و سوننی و کریستیان و یەزیدی و کاکەیی ..هتد لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون بە یەک چاو تەماشا بکات. خەڵکی کوردستان نابێ لە رقی پارتی دەستبەرداری ئەم رێگاچارە و ئەم مافەی خۆیانبن.

(م.و) لە بارەی ئەوەی ئەلتەرناتیوی ئەو بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی چیە؟ دەڵێ " ئەلتەرناتیڤی میلەتی ئێمە ئەوەیە ئەو شێواز و مۆدێلە وێرانەی حوکمڕانیکردن لە هەرێمدا چاک بکەین"

یەکەم /ئەمە وەڵامی پرسیارەکە نیە. ئەگەر ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارە بەو جۆرەی کە (م.و) بەرێگاچارەی دەزانێ "چاکیش بکرێت" یان وەکو وەکو من بە رێگاچارەی دەزانم بڕوخێنرێ، واتە ئەم دەسەڵاتە چاک بکرێت یان نا، بروخێ یان نەروخێ، هێشتا ئەو پرسیارەی ئەو بەرێزە هەر لە جێگای خۆیەتی؛ کە پەیوەندی کوردستان لەگەڵ عێراق چۆن بێت؟ بۆ ئەمەش ئەمرۆ تەنها دوو ئەلتەرناتیو لەبەردەم خەڵکی کوردستانە؛ یان مانەوە لە گێژاوی فیدراڵیزمی قەومی کۆنەپەرستانە، یان جیابونەوە و پێکهینانی دەوڵەتی سەربەخۆ. (م.و) بە خۆلادان لە وەڵامی پرسیارەکە و رەتکردنەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە بەهانەی ئەوەی پارتی و بارزانی بانگەشەی بۆ دەکەن، لایەنگری درێژەدانە بە فیدراڵیزمی قەومی، ئەویش لە کاتێکدا کە خاوەن و ئەندازیارانی فیدراڵیزم دانیانناوە بە شکستەکەیدا.

دووەم/ ئەزمونی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک نیشانیداوە کە ئەم مۆدیلە لە حوکمڕانی لە چاککردن نایات و چاککردن هەڵناگرێت. خودی دیدگای چاککردنی..

بۆ لاپەرە ١١

بۆپێشەوە
FORWARD

# گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەماڵ ڕێکخەری ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان...
# سەبارەت بە رفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان

**بۆپێشەوە: ناسیونالیزمی کورد، ریفراندۆمی خستۆتە دەستورەوە و دەڵێن ئامانجمان سەربەخۆییە، کەواتە ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان بۆ؟**

**ئاسۆ کمال:** لەبەرئەوەی رفراندۆم بڕیاردانی سیاسی خەڵکی کوردستانە لەسەر چارەنوسی سیاسی کوردستان و دەبێت خەڵک بەجیا لەحزبە دەسەڵاتدارەکان دەوریان هەبێت لەم رفراندۆمە و جێبەجێکردنی ئەنجامەکەیدا. پێشتر ئەم حزبانە خۆیان بڕیاریان دەدا کە کوردستان ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی دەوێ یا فیدرالی لەکاتێکدا خەڵک هیچ دەورێکی نەبوو. گرنگی رفراندۆم لەوەدایە کە ئیتر خەڵکی کوردستان خۆی دەبێتە مەرجەع و بڕیاردەر هەربۆیە پێویستی بە شێواز و میکانیزمێکە تاکو بەشداری خۆی بسەلمێنێ. بەڕای من تەنیا دەوری خەڵک لەوەدانیە کە ڕۆژی رفراندۆم بچن دەنگێک بەبەڵێ یان نەخێر بدەن و تەواو، بەڵکو لە پرۆسەی رفراندۆم و چاودێریکردنی بەڕێوەچونی و پابەندکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکان بە جێبەجێکردنی ئەنجامەکەیەوە دەبێ دەور و نەخشیان هەبێ. خاڵێکی تر ئەوەیە کە نابێت خەڵک ڕێگابدا کە حزبە دەسەڵاتدارەکان بچن ئەنجامی رفراندۆم بۆ مامەڵەی سیاسی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی و ئێران و تورکیا و ئەمریکا بەکاربێنن و بەشە فیدرالیە قەومیەکەیانی پێ زیاد بکەن. هاوکات خەڵک دەبێ ڕێگەنەدا چیتر ئەم مافی بەرپاکردنی رفراندۆم و سەربەخۆییە بکرێتە قوربانی و پاشکۆی کێشەی حزبەکان لەسەر دەسەڵات و ڕێکەوتنەوەیان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و داوا و ئیمتیازە حزبیەکان و ئەم کێشانە لە مەسەلەی رفراندۆم جیاکرێنەوە و هەمولایەک پابەندی خۆی بەم مافانەی خەڵکی کوردستانەوە پەیڕەو بکا. هەروەها پیویستە جەماوەری کوردستان وەڵامی هەڕەشەکانی عەبادی و ئێران و دەوڵەت و هێزەکانی تر بداتەوە کە دژ بەم مافە دەیانەوێ کارێک بکەن. بەکورتی هەموو ئەمانە مەسەلەی گرنگن لەم پرۆسەی رفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا و ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان دەیەوێ خەڵک هانبدا و ڕیکبخا بۆ گێڕانی ئەم دەورە و دروستکردنی فشارێکی جەماوەری کە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە ئەنجام بگەیەنێ. بەبێ فشار و دەورگێڕانی خەڵک هیچ مسۆگەرنیە کە ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە ئەنجامی ئەم رفراندۆمە و سەربەخۆیی جێبەجێ بکەن.

**بۆپێشەوە: هێشتا بەشیک لە حزبە سیاسیەکان، بەتایبەتی گۆران نەهاتۆتە پشتی ریفراندۆم، ئەم هەڵوێستەی گۆران چۆن لێک دەدەنەوە؟ لاتان وایە هەر لەسەر ئەم هەلوێستەیان دەمێنن یان نا؟**

**ئاسۆکمال:** گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دەیانەوێ رفراندۆم بەبارمتەبگرن تاکو پارتی پۆست و پلەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە و زیاتری دەکا. ئەوان دەڵێن با رفراندۆم و هەڵبژاردن پێکەوە بکرێ لە یەک کاتدا یان دوای هەڵبژاردن رفراندۆم بکرێ. ئەوان بەم شێوەیە نیشانی دەدەن کە رفراندۆم و سەربەخۆیی بۆیان مەسەلە نیە، بەڵکو کورسیەکانی پەرلەمان و پۆستەکانی حکومەت بۆ ئەوان لە پێشە لە چاو چارەنوسی سیاسی کوردستاندا. لەکاتێکدا چەندین جار پەرلەمان و حکومەت لە کوردستاندا گۆڕاوە و پەکخراوە بەبێ ئەوەی جگە لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە نێو ئەم حزبانەدا هیچی لە وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵک و چارەنوسی سیاسی کوردستان گۆڕیبێت. چۆن گۆڕان و کۆمەڵ دەتوانن بڵێن کە هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی پەرلەمان هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خەڵکەوە هەیە؟

گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و ئەوانەی دژی بەرپاکردنی رفراندۆم و سەربەخۆیین لە ئێستادا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە، لەم دوو ڕییانەی بەهۆی شکستی فیدرالی قەومی و مەزهەبی عێراقەوە دروست بوە ئایا کوردستان بچێتەوە ژێر سایەی حکومەتی شیعەی قەومی عەرەبی یاخود جیابێتەوە لە عێراق باشترە؟ هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ پاساوی هەڵبژاردنی مانەوە لە عێراقدا بەوە بداتەوە کە ئێستا کاتی رفراندۆم و سەربەخۆیی نیە چونکە بە قازانجی بارزانیە و ئەو ماوەی سەرۆکایەتیەکەی پێ درێژدەکاتەوە. ئەی ئەم مانەوەیە ماوەی پاشکۆیەتی بۆ حکومەتێکی مەزهەبی قەومی درێژناکاتەوە کە لایەک عیراقی وێرانکردوە وهەڕەشە دەکا و رفراندۆم بەدژی یاسا و دەستوری عێراقی ناودەبا؟ بارزانی بەبێ رفراندۆمیش ١٠ ساڵە سەرۆکایەتی دەکا و هەر دەیەوێ درێژەی پێ بدا. پارتی و یەکێتی بەبێ رفراندۆم ٢٥ ساڵە حوکمی چەکیان سەپاندوە و هیچ یاسا و پەرلەمانێک ئیعتیباری نیە. ئایا لە ڕێگای دژایەتی بەرپاکردنی رفراندۆم و بەبارمتەگرتنیەوە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دەتوانن سیستەمی میلیشیایی بگۆڕن یان بەم کارە مانەوەی فیدرالیزمێک مسۆگەر دەکەن کە خودی یەکێتی و پارتی لەدەسەڵاتدا دەهێڵێتەوە و خەڵک ١٤ ساڵی تر بەدیار گێرەوکێشەی برینی بودجە و فرۆشتنی سەربەخۆی نەوت و دەستی چەور سڕین بەسەریەکتری بەغداوهەولیردا درێژەپێدەدەن؟ بەشێک لەمانە بانگەواز بۆ جیاکردنەوەی هەرێمی سلێمانی دەکەن بەڵام داوای جیابونەوە لە حکومەتی عێراقی ناکەن. ئایا ئێستا چارەنوسی سلێمانی ببەسترێتەوە بە حکومەتی عەبادیەوە ڕێگاچارەی خەڵکی کوردستانە؟ ئەگەر لایەن وکەسانیک پێیان وایە کە ڕێگاچارە ئەوەیە کە کوردستان لەسایەی حکومەتی قومی عەرەبی شیعەدا، کە تەنانەت ئامادەنیە مافی رفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان بسەلمێنێ چونکە لەدەستوری عێراقیدا نەهاتوە، بائەم کەس و لایەنانە بانگەشە بۆ ئەم ڕیگاچارەیەیان بکەن و قەناعەت بە خەڵک بکەن کە مانەوە لەعێراقدا لە سەربەخۆبون باشترە و بەڵگەکانیان بۆ خەڵک بخەنە ڕوو کە حکومەتی عێراقی خەڵکی کوردستان وەک هاوڵاتی یەکسان مامەڵە دەکا و هیچ جیاوازیەکی قەومی و دینی و ڕەگەزی لەبەرچاو ناگرێ. با دەنگی نەخێر لەدەوری ئەم ڕیگاچارەیە کۆبکەنەوە.

ناکرێ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەخەڵک بڵێن ئێمە لەگەڵ رفراندۆم و سەربەخۆیین بەومەرجەی پارتی هەڵبژاردن بکا و کورسیەکانی ئێمە مسۆگەر بێت. خەڵک نابێ دوای ئەم کێشەی حزبانە بکەوێ کە ٢٦ ساڵە بەردەوامە و کۆتایی نیە. لەبەرئەوەی تا دەوڵەتێک نەبێ کە پەیوەندی نێوان حزبەکان و ئۆرگانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان تیایدا دیاریکراو بێ، دەبێ وەک دەورانی دەربەگایەتی دیوان و سوڵحی عەشایری دەوربگێڕێ، کە لە کوردستان پەرلەمان و ڕێکەوتنی نیشتمانی ئەم خەسڵەتە خێڵەکیەی هەیە. هاتنەمەیدانی خەڵک پێکەوە بۆ بڕیاردان لە رفراندۆمدا و پیداگریان لەسەر جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی ئەم دۆخ و جەوەی کێشەی حزبەکان دەگۆڕێ بە دۆخ و فەزایەک کە خەڵک دەخاڵەت دەکەن و بەشداردەبن لەوەی کە ئایندەی سیاسی کوردستاندا دەوربگێڕن بە قازانجی خۆیان.

**بۆپێشەوە: ریفراندۆم ئامرازو وەسیلەیەکە بۆ وەرگرتنی رای هاوڵاتیان لەسەر پرس و کیشەیەکی دیاریکراو، چارەسەرکردنی، تا چەندە لاتان وایە ریفراندۆم دەتوانێت، پرسی خەڵکی کوردستان چارەسەربکات و کوردستان بکاتە دەوڵەت؟**

**ئاسۆکمال:** خەڵک دەتوانن لە ڕێگای رفراندۆمەوە بڕیار بدەن بە مانەوە لەعێراق یان سەربەخۆبون. ئەم بڕیارە دەتوانێ ئیتر ئەم کێشەی کوردە لە عیراقدا چارەسەر بکا. ئەگەر خەڵک بڕیاریاندا لە عیراقدا بمێننەوە ئەوا نیشانی دەدا کە خەڵک بە مامەڵەی حکومەتی عیراقی ڕازین و نایانەوێ لەم حکومەتە فیدرالیە قەومی و مەزهەبیە جیاببنەوە. کە بەپێی تەجروبەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ تاوانەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەدوری دەزانم خەڵک دەنگ بەمانەوە بدەن. هاوکات ئەم حکومەتە شیعە قەومیە عەرەبیەی ئێستاش لە ١٤ ساڵی ڕابردودا سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی بەرتەسک بوە بەڵام لەناوەرۆکدا نیشانی داوە هەمان سیاسەت و عەقڵیەتی شۆڤینیستانە و ستەمکارانەی هەیە. هەر لە جێبەجێنەکردنی رفراندۆم لە جێگاناکۆکەکان کە بەپێی دەستور دەبوایە بکرایە تاکو نەسەلماندنی مافی رفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان و بەرزکردنەوەی شمشێری "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق" بەڕوی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا. هەربۆیە ئەگەر خەڵک دەنگ بەمانەوە بدەن لەم رفراندۆمەشدا لەوانەیە پاش ماوەیەک لە بەهێزبونەوەی حکومەتی عێراقی و دەستپێکردنەوە بە جیاکاری و ستەمکردن لە خەڵکی کوردستان و سەپاندنی یاسا و سیاسەتە ئیسلامی و ڕەگەزپەرستانەکان دیسانەوە ئەم کێشەیە سەرهەڵبداتەوە. هەربۆیە هەرچەند رفراندۆم میکانیزمێکی گونجاوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عیراقدا و چارەسەری دەربازبون لەم دۆخە نائارام و نادیارەی فیدرالیزمی قەومی لە عێراقدا دروستی کردوە، بەڵام ئەگەر خەڵک بڕیارێکی دروست نەدات لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێویست بە ئەنجامدانی رفراندۆمێکی تر ببێت. بەڵام ئەمە ئەگەرێکی دورە و زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆییە. لەم کاتەدا رفراندۆم دەبێتە ئەو میکانیزم و ڕێگا گونجاوە کە خەڵکی کوردستان کێشەی مانەوەی لەعێراقدا کۆتایی پێ دێنێ و ئەوکات قۆناغی ئەوە دەست پێ دەکات کە چۆن ئەنجامی رفراندۆم جێبەجێ دەکرێ، واتە چۆن دەوڵەت دروست دەکرێ.

پیویستە لە ئێستاوە فشاربخرێتە سەر نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا و ڕوسیا و یەکێتی ئەوروپا تا بەشداری سەرپەرشتی رفراندۆم بکەن و ڕەسمیەتی پێ بدەن و ڕەسمیەت بە ئەنجامەکەی بدەن. نەبونی شەرعیەت و ڕەسمیەتی نێودەوڵەتی و دانپێدانەنانی لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکان و دەوڵەتەکانەوە کێشەیەکی سیاسی سەرەکی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ. لەوانەیە ئیسرائیل و سعودیە دان بەم دەوڵەتەدا بنێن، بەڵام لە نەبونی دانپێدانانی ئەمریکا و ئەوروپا و ڕوسیا و ئێران و تورکیادا ئەم دەوڵەتە لە گۆشەگیریەکی سیاسیدا ژیان بەسەر دەبا و و ئاو.لانی کەم مامەڵەی نارەسمی وەک ئێستا دەکرێ. تا ئەم کێشە سیاسیە هەبێ، کێشەی پەیوەندی بە بازاڕی نەوت و قەرزی نێودەوڵەتی و بازرگانی بەردەوام دەبێ.. ئەمەش دەستی مافیای دەسەلاتدار بۆ دەربازبون لەهەر شەفافیەت و لێپرسینەوەیەک تاڕادەیەک واڵا دەهێڵێتەوە، و هەروەها دەبێتە بیانوی درێژەپێدانی بەرنامەی نیولیبرالی گرتنەوە لە موچە و خزمەتگوزاریەکان و پشتیوانی دەوڵەت بۆ مادە خۆراکیەکان و سوتەمەنی

لەڕوی ئیداریشەوە ئەم دەوڵەتە لە ئیدارەی هەمان دوو زلهێزی میلیشیایی کوردستان پێک دێت. ئەم یەکخستنی ئیدارەی سەربازی و مەدەنی و مالیە کە ٢٥ ساڵە نەکراوە ئیتر دەکەوێتە ژێر فشاری فۆرمالی دامەزراندنی دەوڵەتەوە. بێگومان ئەمە لەڕێگەی ئیرادەی مەدەنیانەی یەکێتی و پارتیەوە ناچێتە پێش، بەڵکو لە ڕێگەی کێشمەکێش و لەوانەیە شەڕی لێرەو لەوێشەوە بچێتە پێش بۆ یەکلایکردنەوەی دامودەزگا ڕەسمیەکان بەقازانجی پارتی یان یەکێتی. دامەزراوەیەکی لەبابەتی دەوڵەتی لوبنان دروست دەبێ کە هەرچەند ڕەسمیە بەڵام مۆری دەسەڵاتی میلیشیایی پێوە دەبێ. ئەم ڕاستیە بۆ سەرجەم بوارەکانی یاسایی و دادوەری و بەڕێوەبردن و پەروەردەش دروستە کە سیستەمی پێشوی میلیشیایی- ناوچەگەری- عەشیرەتی وتاک حزبی لە ژێر فشاری ڕەسمیەت و فۆرمالیزمی دەوڵەتدا دەیەوێ خۆی بگونجێنێ تا شەرعیەت بەخۆی بدا، بەڵام ئەم دووحزبە دەسەڵاتدارە خۆیان بە پێی پێکهات و سیاسەت و سونەتی کارکردنیانەوە خۆیان ڕیگری بەردەم دروست بونی دەوڵەتێکی مەدەنی و سێکولار دەبن. هەربۆیە ناکۆکی ڕیزی نارەزایەتیە مۆدێرن و ئازادیخواز و سێکولار و یەکسانیخوازی خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەم حزبانە دیسانەوە زامنی هەر بەرەو پێشەوە چونێکی سیاسی و باشبژێویەکی خەڵکە.



**بۆپێشەوە: بەشیکی زۆری نووسەران و هاوڵاتیان و تەنانەت بەشێک لەلایەنە سیاسیەکانیش گومانیان لە پارتی هەیە، کە ئاکامی دەنگی هاوڵاتیان بکاتە، کارتێکی گوشار بۆ ئامانجەکانی خۆی، ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، چ هەنگاوێکی خستۆتە دەستورەوە بۆ رێگاگرتن لە یاری کردن بە دەنگی هاوڵاتیان؟**

**ئاسۆکمال:** بەڵێ ئێمەش وەک لە ڕاگەیاندنی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان ڕامانگەیاندوە" بەپێی تەجروبەیەک کە ئێمە و خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستان هەمانە، پێویستە کە خەڵکی کوردستان خۆیان لە مەیداندا بن و بزوتنەوەیەکی فشاری جەماوەری سازبکەن تا لەم ڕێگەیەوە پێداگری جدی بکەن لە سەر جێبەجێکردنی ئەنجامی دەنگەکانیان تا حزبە دەسەڵاتدارەکان یاری بە چارەنوسیان نەکەن." بەڵام ڕێگای ئێمە جیاوازە بۆ وەستانەوە بە ئەگەری ڕودانی ئەم گومانەمان لە پارتی. ئێمە ئەنجامی ئەوە ناگرین لێی کە دەبێ دژی رفراندۆم بوەستینەوە یاخود بیبەستینەوە بە مەرجی کاراکردنەوەی پەرلەمان و داخوازی حزبی لەم بابەتە. لەبەرئەوەی یەکەم دژایەتی رفراندۆم یاخود دەنگدان بە نەخێر، واتە درێژەدان بەمانەوە لەسایەی دەوڵەتی عێراقێکی قەومی عەرەبی شیعەی سەر بە جمهوری ئیسلامی ئێراندا و ئەمە بێگومان دژی بەرژەوەندی و مافی خەڵکی کوردستانە. هەروەها کاراکردنەوەی پەرلەمان ناتوانێ زەمانەتی ئەوەبکا کە پارتی ئەنجامی رفراندۆم نەکاتە کارتی فشار، چونکە هەروەک بینیومانە لەوە ئاسانتر نیە بۆ پارتی و یەکێتی کە پەرلەمان داخەن و پەکی بخەن کاتێ بزانن ڕێگرە لەبەردەم دەسەڵاتیاندا.

ڕێگای ئێمە دروستکردنی گوشاری جەماوەری و حزب و پەرلەمان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە. ئێمە دەڵێین پیویستە لەدوای ئەنجامدانی رفراندۆمەوە کاتێکی دیاریکراو بۆ گفتوگۆ دابنرێ لەگەڵ حکومەتی عەبادیدا، ئەگەر حکومەتی عێراقی ئامادەنەبوو دان بەم رفراندۆمە وسەربەخۆییدا بنێ ئەوا پێویستە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیەنن و ڕەسمیەتی نێودەوڵەتی و دەولەتانی بۆ بەدەست بهێنن. ئەگەر پارتی و یەکێتی لە دوای رفراندۆم ڕێگای ساتوسەودایان گرتە بەر لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا و کەوتنە مامەڵە لەسەر زیادکردنی بەشە فیدرالیەکەیان ئەوا ئێمە دژی ئەو هەنگاوەیان خەڵک هاندەدەین کە ڕێگایان لێ بگرێت لە ڕێگای کۆبونەوە و خۆپیشاندان. هاوکات لە

بۆ لاپەرە... ١٠

# لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم... یادی خەباتکارانەی هاوڕێیان ئەرسەلان مەولود" ئاراس" و نەزیز عومەر" ئارام" دا



* ئەرسەلان مەولود ناسراو بە( ئاراس) لە دایکبووی شاری(کۆیە)یە. ساڵی ١٩٦٦ لەو شارە چاوی بەدنیای چەوسانەوە هەڵێناوە. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە. پاشان لەساڵی ١٩٨٩ بەشی پێوەریار (مساحە)ی پەیمانگای بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەچوونی بۆ مەشقی جەیشی شەعبی لە پەیمانگا دەردەکرێت(فەسڵ). پاش دوو ساڵ بە لێبووردنی گشتی بۆ خوێندکارانی دەرکراو، دەگەڕێتەوە پەیمانگا و خوێندن تەواو دەکات. لە قەیرانی شەڕی یەکەمی کەنداو سەرباز دەبێت، بەڵام پێش دەستپێکردنی شەڕ وەک هەزاران سەربازی دیکە ڕیزەکانی سوپا بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات و لە هەولێر بە خۆحەشاردانەوە خۆی دەپارێزێت.لە کاتی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەهۆی تەجروبەی سەربازی بەشداری چالاکانەی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنی هەولێر لە گەڕەکی خۆیان لە خانووەکانی کارگەی نەسیج.هەر لەو کاتەدا بە شورای کرێکاران و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئاشنایی پەیدا دەکات و دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوەیە. بەتایبەتی بەشی چاپەمەنی و سەربازی کە پسپۆری و شارەزایی هەبوو تێیدا.

پاشان لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی بەعس بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر سەرپەرشتی هێزێکی چەکداری شوراکان دەکات لە گەڕەکی حی عەسکەری و کوران. پاش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی وڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە ناو شار و لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات و بەشداری زووربەی ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری هەولێر دەکات.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٧ی تەمووز ١٩٩١ بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری پلان بۆدارێژراوی لە پێشینە، شەپۆلی جەماوەر بەرەو بەردەرکی سەرا و بینای پارێزگای هەولێر شەپۆلی دەدا، بەشیعاری( هێزی داگیرکەر لە کوردستان بچێتە دەر)، لەگەڵ دەیان ئاڵای سور.

پاش ئەوەی ڕێگریەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی( ڕێباز، بەرپرسی سەربازی ی.ن.ک لەهەولێر) شکستی هێنا. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی بەعس لە بەردەرکی سەرا ڕوویدا و جەماوەر لە ماوەیەکی کورتدا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرا و سجنەکەیدا.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوڕێ ئاراس لە بەشی پێشەوەی خۆپیشاندانە دەبێت و کە بەرەو سەرای هەولێر دەڕۆن و لەگەڵ دەسپێکردنی تەقە و شەڕ لەگەڵ زانای موهەندیس دەپێکرێن دەچنە کاروانی گیانبەختکردوان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و سۆسیالیزم و دنیایەکی باشتر. دوای گیان لەدەستدانیان قارەمانانی کوردایەتی!! و چەکدارەکانی بەرە بە دیاری کراویش( ڕێباز) کە بەرپرسێکی(ی.ن.ک) بووم بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ تەرمی ئاراس دەست بەسەردەکەن بۆ ئەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک کپ بکەنەوە. شایانی باسە لە ٢٦ ساڵیادی هاوڕێ ئاراسدا، کاوان قادری هونەرمەند نەخشەی پەیکەری هاوڕێ ئاراسی کێشاوە، وا بریارە دوای تەواوبوونی و ئامادەکاریەکان، ئەو پەیکەرە لەسەر گڵکۆی هاوڕێ ئاراس لە شاری کۆیە دابنرێت...



* هاوڕێ نەزیز عومەر ناسراو بە "ئارام" لە ساڵی ١٩٦٤ لە دێی کواشی سەر بە ناحیەی سمێل، لە باوەشی خێزانێکی کریکاریدا، چاوی بە دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری هەڵهێناوە... لە ساڵی ١٩٩٠ دا کۆلیژی کشتوکاڵی لەشاری موسڵ تەواو کردووە، هاوڕێ ئارام کە زۆر زوو هەست بە زوڵم و نابەراری و چەوساندنەوە دەکات، تیکەڵی کاری سیاسی دەبێت و دەست دەداتە هەوڵ و تێکۆشان... لەو راستایەدایە وەکو هەڵسوراوێکی کۆمۆنیست دەناسرێت و لەناو زانکۆی موسڵدا و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویستی ڕەتکردنەوەی ستەم و نابەرابەری... لەساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی تریدا، ئەلقەی "هاوپشتی کرێکاریی" پیکدەهێنن و ساڵێک داوتر واتە لە ساڵی ١٩٨٩دا، خۆی و ئەلقەکەیان بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە پەیوەست دەبن... ڕەوتی کۆمۆنیست یەکێک دەبێت لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتە... بە پیکهاتنی حزبی کۆمنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕێ ئارام دەبێتە یەکێک لە کادرە چالاک و خەباتگێرەکانی ئەو حزبە لە بادیناندا و سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی ناوچەکە و تێکۆشەریکی دژی دەسەڵاتی بەزۆرداسەپاوی ناسیونالیزمی کورد و پارتی... هەروەها هاوڕێ ئارام دەبێتە یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی تاڵانی و گرانی و بیکاریی و هەر بۆیە دواتر دەبێتە یەکێک لە رابەرانی یەکێتی بێکاران...

هاوڕێ ئارام، چ وەکو کادرێکی خۆشەویست و جێ متمانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و چ وەکو هەلسوراو و رابەرێکی یەکێتی بیکاران... رۆڵی زۆر بەرجەستە دەگێرێت لە هوشیار کردنەوەی و ریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و دەبێتە یەکێک لە روخسارە ناسراو خۆشەویست و تیکۆشەرەکەی بادینان و ناوچەکەی... رۆڵ و نەخشی هاوڕی ئارام... ئارامی لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەبرێت و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن پاشەکشەی پێ بکەن و ناچار بەدەست هەڵگرتن لە هەڵسورانی کۆمۆنیستی بکەن... پارتی جگە لە هەرەشەو چاوسوکردنەوە چەند جار بانگی دەکەن دەزگای ئاسایش و چەندین هەوڵی تر دەخەنە گەر تا ناچاری بکەن واز لە چالاکی و هەڵسورانی خۆی بهێنێت... پێداگری هاوڕی ئارام لەسەر رێبازەکەو و بروای پتەوی بە دنیایەکی باشتر، نەک ئامادەی پاشەکشە نابێت، بەڵکو بەگورو تینێکی بەردەوام و هیوا بەخشەوە درێژە بە هەڵسورانی خۆی دەدات... تا بەرواری ٢٥/٨/١٩٩٣ لەلایەن باندیکی ئینسان کوژی ئازادی کوژەوە، دەرفێنرێت و پاش شکنجەدانی ترسنۆکانەو وەحشیانە، تەرمەکە دەسوتێنن و پاش سێ رۆژ لە بەرواری ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لە نزیک شاری سمێل دەدۆزرێتەوە...

## درێژەی گفتۆ گۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال...

ئێستاوە کاردەکەین کە پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ رفراندۆم و سەربەخۆیی بەدەست بهێنین.

ئێمە رفراندۆم و سەربەخۆیی بە ماف و کاری خەڵکی کوردستان دەزانین نەک بڕیارێکی پارتی و یەکێتی و دەبێ لەپێشدا تەئکید بکەین کە ئایا پارتی و یەکێتی دوای رفراندۆم چی دەکەن، ئەوکات داوای رفراندۆم بکەین. ئێمە ٢٠ ساڵە داوای رفراندۆم دەکەین و ڕامانگەیاندوە کە تەنیا جیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەت ڕێگاچارەیە. ئێستا کە ئەم حزبانە هاتونەتە سەر ئەوەی رفراندۆم بکەن پێویستە فشار دروستبکەین کە ئەنجامەکەی جێبەجێ بکەن. ئەمە تەنیا ڕێگای ئێمەیە کە لەڕێگەی هێنانەمەیدانی خەڵکەوە ئەم خواستە سەربخەین.

ئێمە دەڵێین ئەم ڕێگاچارەی جیابونەوە لە ١٩٩١ پێویست بوو بگیرێتە بەر و ئەگەر لەوکاتەوە یان لە ٢٠٠٣ کە بەعس ڕوخا بگیرایەتەبەر، دۆخەکە لە.... مانەوە لەسایەی فیدرالیە قەومیەکەی پارتی و یەکیتی باشتر دەبوو کە تەنیا لە قازانجی ئەم حزبانە بوە و داهات و دەسەڵاتیان لەسایەیدا گەشەی کردوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر لەوکاتەوە کوردستان جیابوایەتەوە لە عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرایە ئێستا ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە چوارچیوەیەکی دەوڵەتێکدا دەبوو کە هاوڵاتی بوون و یاسا و دامودەزگا و پەیوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نێوان حزبەکان مانایەکی دیاریکراوی یاسایی و نێودەوڵەتی دەبوو نەک وەک ئێستا هەموو ئەمانە تەنیا لە سنوری دەسەڵاتی دوو حزبی چەکداری بنەماڵەیی و عەشیرەتی و ناوچەگەری و دابەشبوو بەسەر ئێران و تورکیادا چەقی بەستوە. جیابونەوە لەعێراق و دروستکردنی دەوڵەت لە کوردستاندا هەنگاوی یەکەمە تا هەر ماف و یاسا و دامودەزگایەک مانا پەیدا بکا و شەڕکردن لەسەر نەمانەوەی بارزانی بەسەرۆکی هەتاهەتایی دەوڵەتی کوردستان گرنگ دەبێ و دەبێ بەبەشێک لەو گۆڕانە کە لەسیستەمی عەشیرەتی میلیشیاییەوە دەبێتە سیستەمێکی دەوڵەتی مەدەنی و دامودەزگایەک کە خەڵک دەتوانێ لێبپرسێتەوە و بیگۆڕێ. بەڵام لە حکومەت و دەسەڵاتێکدا کە ٢٦ ساڵە دوو حزبی چەکدار خۆیان نەبێ هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتی ئیعترافیان پێ ناکا و ئێستاش بۆ رفراندۆم نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا پێیان دەڵێ بڕۆن مۆڵەت لە عەبادی وەرگرن، دەبێ بارزانی سەرۆک بێ یان تاڵەبانی دەبێ چ جیاوازیەکی بۆ خەڵک هەبێ؟ ئەمانە سەرۆکی دەوڵەت نین، بەڵکو سەرۆکی دەسەڵاتەکەی خۆیانن و هەر لەنێوخۆیاندا ئەم پۆست و پلانە گرنگی هەیە. ئەگەر کەسێک کێشەکەی هەر پۆستەکەی مسعود بارزانیە ئەوە دیارە بە تەمای ئەوەیە کە لەسایەی گۆڕینی ئەو پۆستەدا شتێکی دەست بکەوێ و لەوە زیاتر داواکاری نیە. بەڵام ئەگەر کەسێک کێشەی ئەوەی هەبێ کە ئەم سیستەمە بەتێکڕا جێگای ریفۆرم نیە ئەوکات ڕێگاچارەکەی دەبێ بە دروستکردنی دەوڵەت تاکو دەستور و یاسا تیایدا مانای هەبێ و ڕێگە نەدرێ کە بارزانی ئەو دەستور و یاسایە وەک ڕەشنوسی دەستور بکاتە سیستەمێکی دیکتاتۆری و ئەگەر دەستوری لەم چەشنەشی سەپاند هەوڵی گۆڕین و شۆڕشی دژی ئەو دەوڵەتە بدا بەرەو دەوڵەتێکی مۆدێرنتر و پابەندبوو بە ئازادیە سیاسیەکانەوە. جیابونەوە لە فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی و حکومەتەکەی لە عێراقدا و دروستکردنی دەوڵەت لە کوردستاندا ئەو زەمینەیە سازدەکا کە فشار و ناڕەزایەتیەکان دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و مافیایی لەکوردستان بتوانێ بەئەنجام بگا و ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی سیاسی و بەڕیوەبردندا دروست بکا.

**بۆپێشەوە: ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، لەسەرەو دروستکراوە، چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە، هاوڵاتیان بەشداری پێدەکات تا رۆڵ و نەخشی خۆیان بگێرن؟**

**ئاسۆکمال**: ئێمە دەمانەوێ هەموو هاوڵاتیەکی کوردستان و هەموو کەسێک کە پشتیوانی لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان دەکات لەم ناوەندەدا کاربکا. ئێمە هاوڵاتی کوردزمان، عەرەب زمان، ئینگلیزی زمان ولایەنگری حزبی جیاجیامان لەگەڵدایە. هەموو ئەو ٧ ئامانج و کارانە کۆی کردوینەتەوە کە لە بانگەوازی هەڵسوراواندا ڕامانگەیاندوە. لە شارەکانی کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا، کەنەدا، ئوسترالیا و ئەمریکا هەڵسوڕاوان لەم ناوەندەدا کاردەکەن.

کاری جەماوەی و کۆڕو کۆبونەوە و ڕێپیوان و خۆپیشاندان ڕێک دەخەین بۆ فشاردانان لەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکان تاکو رفراندۆمێکی ئازاد بەرپابکەن و هیچ ڕێگریەک بۆ هیچ کەسێک دروست نەکرێ بۆ دەربڕینی ڕای خۆی بە"بەڵێ" یان "نەخێر" لەم رفراندۆمەدا. هانی دیالۆگێکی مەدەنیانە و شارستانیانە دەدەین و دژی تەخوینکردن و ناوزەدکردن بە خائین و خۆفرۆش و دژی فشار هێنانی ئەخلاقی و دەرونی ڕادەوەستین. لۆبی لەوڵاتانی دەرەوە دەکەین بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی و هەڵسوراوان دەتوانن نامە بنێرن و کۆببنەوە لەگەڵ ئەندام پەرلەمان و حزب و ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ بیستنی دەنگ وخواستی خەڵکی کوردستان و فشارهێنان بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان ویەکیتی ئەوروپا بۆ سەرپەرشتی رفراندۆم. فشار بۆ دەسەڵاتداران دەهێنین کە دەبێ ڕێگە بۆ خەڵک بکەنە بەشداری پرۆسەی رفراندۆم و سەربەخۆیی بکا و بودجە دانێن بۆ گەیشتنی دەنگی خەڵک لە ڕێگەی میدیا و لەڕێگەی چاودیری سندوقەکان و بەشداری لەپرۆسەی دانانی دەستور و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. بەگشتی دەمانەوێ خەڵکی کوردستان دەور ودەخالەتی هەبێ لە سەرجەم ساتەکانی ئەم پرۆسەیەدا. هەربۆیە بانگەواز و پێشوازی لەهەر کەسێک دەکەین کە بێتە ناو ئەم ناوەندە و کاربکا بۆ ئەو ئامانجانە.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی ... ئەمە وەڵامی پرسیارەکە نەبوو

ئەم مۆدیلە لە حوکمرانی تا ئێستا گورزی کاریگەری لە خەباتی خەڵکی ئازادیخواز و ستەمدیدەی وەشاندووە. ئەمە لە راستیدا گەورەترین وەهم و تەفرەدانە کە بە دەرخواردی خەڵکی کوردستان دراوە و دەدرێت. دوای تاقیکردنەوەی حکومەتی بنکەفراوان و نیشتمانی، ئیتر وەهمی چاککردنی مۆدیلی حوکمڕانی لەوە ئێکسپایەرترە کە ببێتە جێگا ئومێدی خەڵک.

سێهەم/ لەوانەش گرنگتر ئەوەیە (م.و)لەبارەی چاککردنی حکومڕانیەوە جگە لەکۆمەڵێک نەسیحەت هیچی تری نەوتووە. تەنانەت یەک وشە لە بارەی ئەوەوە ناڵێ کە چۆن و بە چ ڕێگایەک دەسەڵات لە دەستی بنەماڵە و حزبە تاڵانگەرەکان دەردەهێنێت و چۆنی چاک دەکات؟ دوای چەندین ساڵ و ئەزمونێکی زۆر لەگەڵ ڕەوتی چاکسازی دەسەڵات بە ڕێگای هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی، تازە ئیتر دەمێکە ئەو وەهمە کاتی بەسەرچووە کە دەڵێ؛ "ڕێگاچارە دروستکردنی جیهازێکی ئیداری مۆدێرنە کە حیزب و بنەماڵەکان پڕیان نەکردبێت لەکەسانی بێتوانا و گەندەڵ، سوپای نیشتمانی دامەزرێ و ڕێگانەدرێت نەوت و غاز بەو جۆرە بفرۆشرێت کە تا ئەمڕۆ فرۆشراوە..و...". وەکو ئەوەی لە دنیا و ناوچەکەدا نموونەی ئەو دەوڵەتانە کەمبن کە جیهازی ئیداری مۆدێرن و سوپای نیشتمانیان هەیە و وەکو مافیاکانی حکومەتی هەریمیش نەوت نافرۆشن، بەڵام خەڵکەکەیان نوقمی نەداری و هەژاری و بێمافی و ستەم و سەرکوتن. ئەوەی ئەم نوخبەیە نوێنەرایەتی دەکەن، ڕەخنەی ئەو بەشە لە بۆرژوازیە کە لە بەشی خۆیان لە تاڵانکردنی داهات و دەسڕەنجی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە ناڕازین، نەک نوێنەرایەتیکردنی ڕەخنەی جەماوەری کرێکار و ستەمدیدە لە دەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکاری ئێستا.

چوارەم/ کێشەی ماهیەتی سەرکوتگەری و گەندەڵی و کۆنەپەرستی و ستەمکاری دەسەڵاتی ئێستای کوردستان، لەگەڵ کێشەی کورد و ریفراندۆم و جیابونەوە، نە یەکن و نە ئەلتەرناتیوی یەکترن. ئەمانە دوو مەسەلەی جیاوازن. کێشەی دەسەڵات لە کوردستان بە چاککردن چارەسەر نابێت بەڵکو ڕێگاکەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشتبەستوە بە ئیرادەی خەڵک. ڕێگاچارەی گونجاویش بۆ کێشەی کورد و دەرچون لە گێژاوی فیدراڵیزم لە ئێستادا بەرپاکردنی ریفراندۆم و جیابونەوەیە. ئەلتەرناتیوەکانی (م.و) بۆ ئەم دوو مەسەلە و کێشە جیاوازانە واتە "بەردەوامیدان بە فیدراڵیزمی قەومی و چاککردنی مۆدیلی حوکمرانی" بەشێکن لەو ئەلتەرناتیوانە کە خۆی بە ئێکسپایەر ناوی بردون.

هەر لە پەیوەند بەم خاڵەوە (م.و) لە یاداشتێکی تردا دەڵێ یەکێک لە مەبەستەکانی بارزانی "بۆ پەردەپۆشکردنێکی نابەرپرسیارانە و نائەخلاقییانەی کێشە و قەیرانە کوشندەکانی هەرێمە کە ژیانی چەند ملیۆن مرۆڤێکی خستۆتە دۆخێکی پڕوکێنەرەوە." من لەم بارەیەوە بە تەواوی هاوڕام لەگەل ئەو، بەڵام ڕێگاچارەکەی دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و ڕاگرتنی کوردستان لە گێژاوی ئێستا نیە، بەڵکو پەرەپێدانی خەباتێکی جەماوەری فراوانە دژی تاڵان و بڕۆ، دژی دزینی موچە و کرێ، دژی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان، دژی سەرکوت، وە سەرئەنجام دژی دەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا و هەڵپێچانی. بۆ دەبێ خەڵکی ستەمدیدە یان ریفراندۆم و سەربەخۆییان بوێت یان باشبوونی هەلومەرجی ژیان و مافەکانیان؟ بۆچی نابێت ئەم دوو مەیدانەی خەبات پێکەوە بەردەوام و پەرەبگرن؟!

پێنجەم/ پەیوەندی نێوان ئەم دوو مەسەلەیە ئەوەیە کە کوتایهاتنی کێشەی کورد کە بووە بە خۆراکی سیاسی و هێزهەڵخراندنی حزبە بنەماڵەیی و ناسیۆنالستەکان، ڕێگا خۆش دەکات بۆ شفاف بونەوەی ناکۆکی و جەنگی خەڵک دژی دەسەڵات، بۆ پەرەگرتنی خەباتی جەماوەری ئازادیخواز لە ڕێگای ڕووخاندنی دەسەڵاتدا. بێچارەسەر مانەوەی کێشەی کورد و فیدراڵیزمی قەومی گەورەترین خزمەتی کردووە بە دەسەڵاتی ستەمکار و میلیشیایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان. هۆکارێکە بۆ مانەوەی کوردستان لە ڕکێفی ئەم هێزانە و کولکردنی نوکی تیژی خەباتی خەڵکی ستەمدیدە دژی ئەم دەسەڵاتە و هەڵپێچانی.

شەشەم/ بۆ کێشەی کورد لە عێراق هەموو ڕۆژ ریفراندۆم ئەنجام نادرێت، جارێک ئەنجامدەدرێت. جا پارتی لە پشتی بێت یان هەر هێزێکی دیکە. ئەنجامی ریفراندۆمیش دەبێت بە بڕیاری خەڵک. ئەگەر لە ڕکەبەری لەگەڵ پارتی یان بە هەر هۆیەکی ترەوە نەخێر بووترێت بە جیابونەوە، ئیتر ئەمە دەبێت بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان و گۆڕینی ئەگەر مەحاڵ نەبێت لانی کەم یەکجار ئەستەم و دژوارە. بۆیە ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە پرسی ریفراندۆم کە ٢٢ ساڵە هێنراوەتە گۆڕێ و خەباتی بۆ دەکرێت وەکو پرۆژەی پارتی بناسێنرێت و ڕەتبکرێتەوە. چونکە ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی بیباتەوە ئەوە بە ناحەق پارتی و بارزانی دەکرێن بە قارەمانی، ئەگەر لە ڕقی پارتیش نەخێر بۆ سەربەخۆیی بیباتەوە ئەوە خەڵکی کوردستان دووچاری چارەنوسێکی پڕ دەردەسەری دەبێت. پارتی و بارزانی داهێنەر و خاوەنی پرسی ریفراندۆم نیین ، بەڵکو ئەوان زۆر درەنگ ملیان بەم پرۆژەیە داوە کە ٢٢ ساڵە بەرزکراوەتەوە و خەباتی بۆ دەکرێت.مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەم پرسە مەیدان چۆڵنەکردن و نەسپاردنیتی بە پارتی و ناسیۆنالیزمی کورد. ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە پاساوی ئەوەی بارزانی داوای دەکات و پارتی پێی بەهێزدەبێت، لۆجکێکی نادروست وهەڵەیەکی کوشندەیە. ئەم لۆجیکە لە روانگەی چەپەوە مقاوەمەتی جەسورانەی کۆبانی کە بەریگرت لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی شنگال بە پوچ و بێبایەخ دادەنێت بە پاساوی ئەوەی پەیەدەی ناسیۆنالیست ڕابەری دەکات و پەیەدەی پێ بەهێزدەبێت. یان وەکو ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین ڕەتبکرێتەوە بە پاساوی ئەوەی فەتح یان حەماس یان ناسیۆنالیزمی عەرەب داوای دەکەن یان ئەوانی پێ بەهێزدەبن.

* * *

ئەلتەرناتیوی ئازادیخوازانە بۆ ئەم دۆخە و بۆ دەربازبوون لە گێژاوی ئێستا؛ یەکەم/ پێداگریە لەسەر ریفراندۆم و لە ریفراندۆمیشدا هەڵبژاردنی ڕێگای جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. دووەم/ هەر لە ئێستاوە پێویستە خەباتی جەماوەری لە دەوری پلاتفۆرمێک ڕێکخراو و پەرەگرتووبێت کە زامنی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەری کرێکار و ستەمدیدە بکات و بنەما و چوارچێوەیەک بێت بۆ دەستور و یاساکانی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەوانە؛ سیکیولار بوون و غەیرە قەومی بوونی دەوڵەت، دامەزرانی سیستەمێکی پشتبەستوو بە ئیرادە و بەشداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی جەماوەر لە حوکمڕانی، یەکسانی هەموو دانیشتوان لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون، یەکسانی مافی ژن و پیاو، قەدەغە بوونی سزای لەسێدارەدان، دابینکردنی هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستیەکان بە ستانداردی ژیانی هاوچەرخانە، دابنکردنی بێ قەید و بەندی ئازادییە سیاسی و مەدەنیەکان، بە خۆڕاییکردنی خوێندن و تەندروستی، بیمەی بێکاری و بەساڵاچون و لەدەستدانی توانای کار، یاسای کارێکی پێشڕەوانە...و....

## پاشماوەی... دوا وتە

تازە... و حزبی تازەو جیا لە حزبە تەقلیدیەکان بەوە دەبێت، جیاوازی لە ئاستی روانینی چینایەتی و ریشەیی و بنەرەتی خۆت لەسەر پرسە سەرەکی و بناغەیەکانی کۆمەڵگە، لە ستراتیژو ستراکتۆر لە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا، بخەیتە روو وە شیوازی کاری تێکۆشانیش بۆیان رۆشن و جیاواز لە حزبە تەقلیدیەکان بێت. دیارە هەر ئامانج و ستراتیژیەتیکی سیاسیی دیاریکراوش رۆڵی هەیە لەسەر چۆنیەتی خەبات و شیوازەکانی کاری رێکخراوەیی.

بزوتنەوەی گۆران، لەساڵ و نیو بۆ دووساڵی رابردووەوە رەوتی رووله لێژییە، ئەم رەوتی روولەلێژی و پاشەکشەیە ئەگەر بەشێک لە هۆکارەکانی بێ دەنگەو بێ ئەجندای و بێ پرۆژەیی فەرمی گۆران بووبێت لەسەر ئەو هەموو قەیران و پرس و کیشەو پێشهاتانەی لەم ماوەیەدا روویانداوە... لەوانە کارەساتی شەنگال و، بێ موچەیی و پشتکردنە مانگرتن و بایکۆتی مامۆستایان و کارمەندان... ئەوا بەشێکی تری پەیوەندی بە ستراتیج و ستراکتۆری خودی دروست بوونی گۆرانەوە هەیە، کە نەیتوانی و لە راستیدا هێزو حزبێکی جیاواز لە حزبە تەقلیدیەکان نەبوو. بەشیکی زۆری خەڵکی کوردستان بۆ تۆڵەکردنەوە لە ستەمی بێ کۆتایی پارتی و یەکێتی، و دزی و تاڵانی، سەرەتا لەدەوری گۆران کۆبونەوە بە مەزەندەی ئەوەی گۆران حزبێکی نوێ و نەفەسێکی نوێ و خاوەنی ستراتیژێکی جیاوازە لەگەڵ حزبەکانی تری بۆرژوازی کورد، ئەمە رۆژ بەرۆژ بە کردەوە دەدەرکەوێت، بی پایەو بێ بنەما بووە، بۆیە ئەم خەڵکە لە غیابی هێزی تری شۆرشگێردا، دەگەرێنەوە بۆ حزبەکانی پێشویان، یان بێ ئومید دەبن و لە گۆران دوور دەکەونەوە. هەڵبژاردنی رێکخەری گشتی و خانەی راپەراندن و هەر ئاڵوگۆرێکی تر لە درێژەی ئەم رەوتی پاشەکشەیەدا دەچیتە پێشەوە کە گۆران دەرگیریەتی. بۆیە هیچ لەوە چاوەروانکراو ترنییە، بەشی زۆری سەرکردایەتی کۆنی یەکێتی لە ناو گۆراندا، ببنەوە بە سەرکردەی بێ رکەبەری تر لەناو گۆران و رۆژ بەرۆژیش لە حزبی دایکیان نزیک ببنەوە، کە یەکێتییە.

گۆران چ وەکو گۆرەپانی هەڵسوران و بەرنامەو سترایجی سیاسی و چ وەکو جەماوەر... هاوبەشیەکی گەورەی لەگەڵ یەکێتی هەیە... بۆیە بەسادەیی چ وەکو حزبی باوک سالار و پیاوسالار و چ وەکو حزبی تەقلیدی رێگر لە توانایەکانی لاوان، هەنگاو دەنێ. هەڵسوراوانی ژنانی ناو گۆران ئەگەر خۆیان لە گیلی نەدەن و گەوجاندن بیرکردنەوەی دۆگمان نەکردبن، دەزانن "سەوابیتی دینی" یانی زوڵمی ریشەیی و بەفەرمی ناساندنی ئەو زوڵمە، چۆن دەتوانن لەگەڵ گۆران بمێنەوەو دڵی خۆیان بەوە خۆش بکەن گۆران رێگە بەرۆڵی ژنان دەدەت و ببنە بەشێک لە ئاژوتنی بزوتنەوەی گۆران. لاوانی هەڵسوراوی ناو گۆران ئەگەر پەنجەرەکان و روناکی بینینیان، کڵۆمی تاریکی نەدابێت، چۆن نازانن کە حزبی گۆران هیزێکی پشت بەستو بە شەریعەت و کۆنەپەرستیە. بۆ حزبی گۆران بەو راستیە سادە سەلماو و نوسراوانەوە، کە لە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆراندا هەیە، چۆن دەکرێت لاوان کە هەڵگری دنیایەک خولیاو ئاوات و خەونن، چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەم پرۆگرام و نەهجەدا برۆن؟ ئەم بەرنامەو پرۆگرامەی گۆران هەیەتی، گەنج بەرێوەی ببات یان کەسانی بەساڵاچوو، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، کە بزوتنەوەی گۆران هیزێکی کۆنەسەرڤاتیفی محەلییەو ناتوانێت تەجاوەزی پارتی و بەتایبەتیش یەکێتی بکات، لە زونی سەوزدا...

حزبی گۆران، و بەتایبەت سەرکردایەتیەکەی گۆرانن بە تامی یەکێتی... گۆرانن بێ ئەوەی توانای هیچ گۆرانکاریەکی بەرجەستەو ریشەییان هەبێت. وە باشیش دەزانن، دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی، بە خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی، بەهیچ شوێنێک ناگات. هێزی میلیشیایی تەنها بە ململانێ و جەنگی میلیشیایی و خوشخزمەتی و خۆبەستنەوە بە وڵاتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەوە، دەتوانن لە بەرامبەر یەکتریدا رابوەستن و پارسەنگی هێزی یەکتری بگۆرن و باڵادەستی بەسەر یەکتریدا مەیسەر بکەن. خەلکیش تەنها بە شۆرش و راپەرین دەتوانن ئەو بەڵایانە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

گۆرانی دوای نەوشیراون... بەرەو یەکێتی بە تامی گۆڕان و بۆ وەرگرتنی رەنگ و خوی یەکیتی جاران مل دەنێتەوە، لە ئاستی رابەریدا توشی شەلەلی بریارو ناکۆکی ناوخۆیی دەبێت و باڵ و لاباڵ سەردەردێنن، هەروەها لەگەڵ نەوەی گەوجێندراوی ناو گۆران بەریەک دەکەون و ژنانی ئەو بزوتنەوەیەش رۆژ دوای رۆژ پێگەیان لاواز دەبێت و کەنار دەخرێن. ناسیونالیزمی کورد ناتوانێ حزبی پیاوسالارو دژە ژن نەبێت، چونکە بزوتنەوەکەی بزوتنەوەیەکی پیاوسالارو دژی ژنە، لەگەڵ دنیای شارستانی و بنەماکانیدا، نایەتەوە.

سەرەتای ئابی ٢٠١٧

**دواکارییەکی دۆستانە**

**هەموو سایت و ماڵپەرو گۆڤارو رۆژنامەو پەیجەکانی فەیس بووک و هەرکەسێک...ئازادە لە دوبارە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی بۆپێشەوە، بەڵام داوامان ئەوەیە کاتێک بابەتێکی بۆپێشەوە لای خۆیان بڵاودەکەنەوە، ئاماژە بەسەرچاوەکەی بدەن... لەگەڵ سوپاسی زۆرماندا...**

**بۆپێشەوە**

دوا لاپەڕە

ژمارە ( 9 ) 1/8/2017

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوان عەزیز، عەبدوڵا مەحمود، کەریم کەریم، ڕیبوار ئەحمەد، سەردار عەبدوڵا، ڕۆژ عەزیز، فوئاد قەرەداغی، ئاسۆ کەمال

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# ژیلەمۆی خەونێکی نوێ

## بۆ نەزیر عومەر(ئارام) کە بە دەستی ڕەفتار چەتەکانی کوردایەتی تیرۆر کرا

## شیعری : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

### ژیلەمۆی خەونێکی نوێ

کە زانیان ڕەهێڵە دەچێتە ژێر باڵت و چاو لێک ئەنێ
کە زانیان دڵی خۆرەتاوت بردووە و بوونەتە دوو ئاشقی سەوداسەری یەک
کە زانیان لەزمانی ئاگر ئەگەی
ئیتر هەرەسی هەراسان تەنگی پێهەڵچنین و کردنی بە نووکی تیژی چەقۆی غەدری ڕۆژگار
هەتا چاوی کوڕەکانی جوانی ژیان دەربهێنن
کردنی بە جامێ تیزاب ڕژانە سەر قاچی ڕووتی کچانی ئەم مەملەکەتە
کردنی بە مێردەزمەی جەنگ و وێرانی
مێردەزمەی دزینی لوقمەنانی سەر سفرەی هەژاران
مێردەزمەی مەرگ
مێردەزمەی دڵ دەرهێنان و
هەتککردنی ئەوینە بێگەردەکانی خۆشەویستیی
نەوەستان و هاتن هەموو زمانیان کوشت
عەشقیان کوشت
وشەیان کوشت
تۆ و ئەوانەی وەکو تۆیان کوشت
بوون بە ئەژدیها و نەوەستان هاتن یەک یەک
مێشکی هیوا و
دڵی خۆزگە و
جەرگی ئاوات و
گلێنەی ئومێدیان خستە ژێر پێڵاوی چەوسانەوە
بنوو هاوڕێ ..بنوو ئارام..کە ئاگریان لەجەستەی زامدارت بەردا
نەیان زانی دەیان ئارام لەسەر ڕێگەکەت ئەڕوێن و
نەیان زانی سەدان نەزیر دەبنە ئێشکگری ئازادی ژیان و
بەهەزاران خانەوادە دەچنە لێوارەکانی دەریای تێکۆشان
خۆیان دەدەنە بەر خۆری ڕزگاری لە کۆیلەتی و زۆر




لەنێو دەریاچەی یەکسانی مەلە دەکەن
بەسەر شاخی باوەڕێکدا سەردەکەون کە هەر هەمان باوەڕی بەرزی خۆتانە
هاوڕێم بنوو.. ئارام بنوو.. من بێدارم
هەموو ڕۆژێ بەر لە هەڵهاتنی هەتاوی ڕۆژێکی نوێ
کاروانێکی سوور دەبینم بەرەو لووتکەی سەرفرازیی
سروودێکی نوێ دەبیستم بەزاری تۆ
بزەیەکی تر دەبینم بە لێوی تۆ
ئەو جەسارەتە دەبینم کە تۆی کرد بە تۆپەڵێ ژیلەمۆ و پشکۆ
ئەو شانازییەی تۆ دەبینم کەوا تک تک لێی دەچۆڕێ
ڕاستگۆیی و دلێریی و شکۆ.

٢٧ ی تەمموزی ٢٠١٧

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەووەیە..
bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە / www.bopehsawa.net

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
## ١٣/٨/٢٠١٧

## دوا ستوون

# یەکێتی بەتامی گۆڕان

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

لەم چەند ڕۆژەدا بزوتنەوەی گۆران هەم ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەکەی و هەم ئەندمانی خانەی راپەراندنی هەڵبژارد. بەدوای ئەو هەڵبژاردنانەدا دەیان کەس چ لەناوخۆی بزوتنەوەی گۆران و چ لە دەرەوەی ئەو بزوتنەوەیە لەسەر ئەو هەڵبژاردنانەو تەنانەت ئایندەی بزوتنەوەی گۆران، روانین و بۆچونی خۆیان بەیان کرد. فۆکسی زوربەی ئەو بەڕێزانەی لەو بارەیەوە بۆچوونیان دەربرێوە نیگەرانییە لەوەی نەوەی نوێ لە خانەی راپەراندا نابینرێن و هەموو ئەو ئەوانەش کە دەرچوون بۆ خانەی راپەراندن کادرانی کۆنی یەکێتین. هەندیکیش لەسەر خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە رەخنەو نیگەرانیان بەیان کردوە، هاوکات نەبوونی هیچ ژنیک لەناو خانەی راپەراندن، رەخنەیەکی ترە کە لە هەڵبژاردنەکەو گۆڕان دەگیرێت.

دیارە ئەوەی کەرویدا، چ ئەوەی کەباسی گوشار و ناچارکردنی ژمارەیەک کاندید بۆ پاشەکشەکردن لە هەڵبژاردنەکە، و نەبوونی هیچ کاراکتەریکی لاو و تازە لە خانەی راپەراندن و دەرچوونی بەرپرسانی پێشوی یەکێتی نیشتیمانی بۆ ئەو پۆستە، و چ ئەوەش کەهیچ ژنێک لەخانەی راپەراندندا نییە، نە سەیرە و نەروداوێکی جیگا سەرنج، تەنانەت ئەوەش کە ئەمە پاشەکشەی بزوتنەوەی گۆرانە، تازە نییە.

بزوتنەوەی گۆران وەکو تەمەن لەچاو هیزە سیاسیە تەقلیدیەکان، تازەیە. یان دەتوانین بلێین لەسەرەتای دەستبکاربوونیەوە، وزەی تازەو توانای تازەی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، بەڵام ئەجندایەکی تازە کە بتوانێت هێزو وزەی تازە ئاراستەبکات، نەیتوانی ببێتە ناسنامەی گۆڕان. گۆڕان جگە لەکۆمەڵێک کەیس کە بەتۆختر پێداگری لەسەر دەکات، وەکو شەفافیەتی فرۆشتنی نەوت، و دژایەتی گەندەڵی، بە نیشتیمانی کردنی هێزی پێشمەرگە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان... شتێکی تری نەوتووە. هەر ئەمەش کێشەی سەرەکی گۆران بووە لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا.

بزوتنەوەی گۆڕان، هیچ جیاوازییەکی بنەرەتی لەگەڵ حزبە تەقلیدیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد لەسەر پرسە گرنگ و چارەنووسازەکانی کۆمەڵگە نەبووە نییە. بزوتنەوەی گۆڕان بەرگری لەم ئەزموونە دەکات کە چارەکە سەدەیەکە کۆمەڵگە توشی دارمان و لیکترازان و شکۆ شکاندن دەکات. گۆران لە پەیوەند بە ئایندەی سیاسی کوردستانەوە، لە پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە، لە پەیوەندی بە فیدرالیزمی قەومیەوە، لەپەیوەند بە بەشداری خەڵک لەدەسەڵاتدارتییدا، لە پەیوەند بە مافە فەردی و مەدەنیەکان و یاسادا، لەپەیوەند بە ئازادییەکان و لە پەیوەند بە روانینی بۆ ژنان و مافەکانیان و لاوان و خوستەکانیان، لە پەیوەند بە رۆڵی دین و مەزهەب لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتداریدا... هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نییە. کەوایە بەچ پێوەریک ئەم بزوتنەوەیە دەتوانرێت چاوەروانی دۆخێکی باشتری لێبکرێت؟ وە چۆن دەتوانێت جیاوازی بنەرەتی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نیشان بدات.

گۆران و هەر هیزێکی سیاسی بە گۆڕینی ناوی لق و ناوچەو کەت و پۆل و شانەو مەڵبەند و بە مەکۆ و باژێروان و خانەو پەیجورو ژوورو... نابێت بە هیزێکی تازە. هێزی.... بۆ لاپەرە ١١